# کەسایەتی و بژاردەی کەسییەتی لەدیدی دڵدارەوە

**لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی شیکاری ڕەخنەیە**

**م.ی: ڕێزان عوسمان مستەفا**
**بەشی شێوەکاری/کولیژی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سەلاحەددین**

**پێشەکی**

ناونیشانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە (کەسایەتی وبژاردەی کەسییەتی لەدیدی دڵدارەوە)توێژینەوەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی شیکاری ڕەخنەیە، سەبارەت بەشیکردنەوەو لێکدانەوەی کەسایەتی لەڕووی تیوری کەسایەتی و پێکهاتەو و سروشتی کەسایەتی. هەروەها لەڕووی پراکتیکیشەوە لێکدانەوەی کەسایەتیە بۆ دڵدار لەلایەک و لەلایەکی ترەوە لێکدانەوەی کەسایەتی کوردی لەدیدی دڵدارەوە کراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

پێداویستی سەردەم وهەنووکەیی لەئاست ئاوڕدانەوە لەم جۆرە بابەتانە لەکۆمەڵگادا گەڕانە بەدوایی مۆرکی ڕەسەنایەتی کەسایەتیە کوردییەکان.

هۆکاری هەڵبژاردن: کەمی توێژینەوە لەلێکدانەوەی کەسایەتی کوردی لەدیدی رۆشنبیرو بیرمەندانی کوردەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: لەدوو تەوەر خراوەتەڕوو، تەوەری یەکەم لەژێرناوی بنیاتی کەسایەتی لەروویپێکهاتەو بنەماکانیەوە) تیایدا ئاماژەمان بەهەندێ پێناسەی کەسایەتی کردووە لەڕوانگەی پسپۆرانەوە لەلقەکانی تردا ئاماژەمان بە کەسایەتی لەرووی بنەما و جۆر و پێکاتەوە کردووە. لەتەوەری دووەمیشدا ڕاڤەی کەسایەتی وبژاردەی کەسیەکان لەچواچێوەی ژیاننامەی دڵدارەوە کراوە، لەلایەن لێکدانەوەی کەسایەتی دڵدارو لێکدانەوەی کەسایەتی لەدیدی دڵدارەوە.. لەکۆتاییدا ئەنجام و کورتەی بابەتەکە خراوەتەڕوو.

**تەوەری یەکەم: بنیاتی کەسایەتی لەڕووی پێکهاتەو بنەماکانی.**

- **ناسینی کەسایەتی.**

باس وخواسی کەسایەتی باسێکی کۆنە، ئەگەر لەکۆمەڵگا کۆنەکاندا جێ بایەخێکی زۆر نەبوبێت، ئەوە لای بیرمەندەکانی دواتر تایبەتمەندی خۆی هەبووەو بەڵکو پێداگیری وململانێ ومشتومڕی زۆریان لەپێناویداکردووە. بەڵام لەگەڵ بەرەپێشچوون وپەرەسەندنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و "جیاکردنەوەی دەروونناسیی و فەلسەفە لەیەکتری لەلایەک ومنهەجیەتی زانستی دەروونناسی گشتی و زانستی کەسایەتی لەلایەکی تر" تەشەنەکردن وئاڵۆزبوونی کێشەکان و سەرهەڵدانی ئاراستە

ی بیری جوداخوازی ڕێگەخۆشکەربوون بۆ بایەخدان وگرنگیدان بەتاک و تێگەیشتن لەکەسایەتی، چونکە ئەوەی گرنگە لەتوێژینەوەی کەسایەتی ئەوەیە: باشترین دەروازەیە بۆ سەرجەم توێژینەوە دەروونی وکۆمەڵایەتییەکان، بەو واتایەی ناسینی کەسایەتی لەڕووی دیاردەو مەوداکانی بەگوێرەی هەر پرۆگرامێک هەنگاوی بنەڕەتیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئاستەنگە دەروونییەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵ وپێشکەوتنی، کەواتە دەکرێ بڵێین توێژینەوە لەکەسایەتی جیایە لەتوێژینەوە لەبوارە دەروونییەکانی تر، لەبەرئەوەی وردبوونەوە لەکەسایەتی پشت بەشیکاری دەروونی دەبەستێت کە لەکەسێکەوە تاکەسێکی تر جیاوازە، بۆیە ئەگەر لەپێناسەی کەسایەتی وردبینەوە جیاوازیەکان دەبینین، کەزۆرینەیان پێ لەسەر ئەم بۆچوونانەی خوارەوە دادەگرن، لەوانە:

وارن و کارمیکل دەڵێن:(کەسایەتی ڕێکخستنێکی عەقڵی وگەشەکردنی تەواوی مرۆڤە لەقۆناغێکی دیاریکراو لەقۆناغەکان لەسەرجەم بوارەکاندا: دەروونی، عەقڵی، مەزاجی، لێهاتوویی، ئەخلاق، ئاراستە، کە لەژیانی بنیاتی ناوە.)(د.محمد عمادالدین:١٩٥٩: ٨) بەواتایەی کەسایەتی لەڕووی ناوەکییەوە کۆکراوەی کۆمەڵێ پێکهاتەیە کەوا بنیاتی تاک دیاریدەکات.

واتسن تەئکید لەسەر لایەنی فۆرم دەکاتەوە لەناساندن وخستنەڕووی کەسایەتییەوە کەدەڵێیت: (کەسایەتی کۆی جۆرەکانی چالاکیەکە، کە لەلای تاکدا لەڕێی کردەی دەرەکییەوە بۆ ماوەیەکی درێژ تێبینی دەکرێت.)(هەمان سەرچاوە:٧).

هەروەها کاتل دیاردەی کاریگەری و وەڵامدانەوەوە کەسایەتی لەڕووی هەڵویست و ڕۆڵەوە لێکداوەتەوە کەدەڵێت: (کەسایەتی ئەو پێشبینیانەیە دەتوانین درکی پێبکەین، کە کەسێک ئەنجامیدەدات کاتێک دەخرێتە هەڵوێستێکی دیاریکراوەوە.)(بدر محمد:١٩٩٩: ١٨)

هەندێ لەپسپۆرانیش لەڕووی گونجانی کۆمەڵایەتییەوە دەڕواننە بنیاتی سروشتی تاکەکان لەم بارەیەوە ئالپۆرت دەڵێت: ( کەسایەتی کۆی سەرجەم ئەو کاریگەرییە دەرەکیانەی تاکە، لەڕێی کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵ دەیهێنێتەکایەوە.. یاخود؛ ئەو دابو نەریتە یان کردارانەی کە کاریگەری سەرکەوتوویان دەبێت لەسەر دەوروبەردا.)(د.سید محمد غنیم:١٩٧٥: ٤٥). کەواتە هەر زانایەک یا پسپۆڕێک بەگوێرەی ئەو بوارەی گرنگی وبایەخ وبەدواداچوونی بۆ دەکات پێناسەی کردووە، بەو واتایەی پێناسەکردنی کەسایەتی پرۆسەیەکی سانانییە وناکرێت گشتگیری بۆ بکرێت، بەڵکو هەر کەسێک لەسۆنگەیەکەوە باسی لێوەدەکات. کەواتە لەخستنەڕووی ئەم پێناسانەی سەرەوەدا، دەکرێ بڵێین؛ کەسایەتی پێکهاتەیەکی سایکوفسیۆلۆژی ڕێژەییە، جیوە ئاسا بەردەوام لەجوڵەیەکی بەردەوام لەلایەک وگۆڕان لەلایەکی ترەوەیە.

جگە لەوەی ئەوەی پێویستە لەزاراوەی کەسایەتیدا ئاماژەی پێبکرێت؛ کۆمەڵێ زاراوەی تێکچرژاوەو تێکەڵاوی یەکتری بوونە لەوانە" مرۆڤ ـ تاک ـ خودی دانسقە ـ کەسایەتی" هەریەک لەم زاراوانە هەڵگری واتایەکە، لەوانە:

(مرۆڤ: بوونەوەرێکی زیندووی پۆلە شیردەرەکانە، خاوەن تایبەتمەندی بایۆلۆژیەو لەسەرجەم مرۆڤەکاندا هاوبەشە، واتە تەنیا پەیوەست نییە بەمرۆڤێک.

تاک: کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی سایکۆلۆژی وبایۆلۆژییە جگە لەوەی تایبەتمەندی کەسایەتی تایبەت بەخۆی هەیەو جیایەی دەکاتەوە لەتاکەکانی تر... هەروەها هەندێ تایبەتمەندی گشتی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە لەگەڵ خەڵکانی تردا.

خود یان خودی دانسقە: چەمکێکی ئاڵۆز وتەنگە لەناوەڕۆکدا، کەتایبەتمەندی تایبەتی بەمرۆڤ دەبەخشێت، کەجیای دەکاتەوە لەوانی تر، لەوەی هاوەشێوەی نییە.

کەسایەتی: کەسایەتی پێکدێت لەتوانا، مۆرک، پەیوەندی، ڕووکارە ئیرادەیەکان، هەڵچوون، پاڵنەرو پێگەی کۆمەلایەتی.) (د.محمدبنی یونس:٢٠٠٤: ٢١٧-٢١٨)، بەو واتایەی هەر یەک لەو زاراوەو خەسڵەت وتایبەتمەندیانە تایبەتمەندی خۆیان لەپێکهاتەی بوونەوەردا هەیە لەخستنەڕووی لایەن وپێکهاتەی کەسەکە، کەدەکرێ بڵێین ڕۆژ بەڕۆژ لەوردبوونەوەی لەخوێ شتی سەیروسەمەرە" جوان، ناشیرین، بەها، درێویی، بێزرح...هتد" لەخۆیدا دەدۆزێتەوە، بەلام تاچەند دەتوانێت شەن وکەوی بکات.

- **جۆرەکانی کەسایەتی.**

پۆلینکردنی کەسایەتی بەگوێرەی بیردۆزو لێکۆلینەوەکان فرە بوارو جیاوازە، بۆیە ناکرێت لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا سنوردار بکرێت، بەلام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە کۆمەڵە جۆرێکی کەسایەتی لەلای زۆرینە دووبارەدەبێتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەخاتەڕوو کەوا بەدرێژایی مێژوو جیاوازییەکی ڕیشەیی لەنێوان کەسایەتی سەردەمە کۆنەکان وئێستادا نەبووەو نییە، بەڵکو کۆمەڵێ تایبەتمەندی و ڕووکاری...هتد هاوبەش وجیاواز لەنێوانیاندا هاوبەشە، بۆیە کاتێک قسەوباس لەسەر کەسایەتی لەڕووی جیاوازییەوە دەکرێت مەبەست (ئەو جیاوازیەیە، کە لەچەندییەتی یاخود پلەی دەرکەوتنی ئەو نیشانەو مۆرک وحاڵەتانەدا هەیە، چونکە پلەکان جیاوازییان هەیە لەڕووی زۆر بەرز، بەرز، ناوەند، لاواز، زۆر لاواز، بەواتایەی چ مۆرکێک یاڕووکارێک لەڕووکارەکانی کەسایەتی فەتاوە یاخود بوونی هەیە یا نییە.)(د. محمد بنی یونس:٢٠٠٤: ٢٤٣)، کەواتە جۆرەکان تێکەڵەیەکن لەتاکێکدا، بەلام دەکرێ بەدراسەی حاڵەت و ئامارو وپێوەر بزانرێت چ جۆرە کەسایەتیەک بالادەستە، بەو واتایەی تواناو ئاراستەو خوو، وئاکار،،، هتد پلە بەندی لەبوونی تاکەکاندا هەیە،و بەمەبەستی جیاکردنەوەیان لەیەکتری لەوانە، د.ساڵح حەسەن جۆرەکانی کەسایەتی بەم شێوەیە پۆلینکردووە:

١- (کەسایەتی چەوسێنەر. .
٢- کەسایەتی هستیری (حەزیان لەسەرنجراکێشانە).
٣- کەسایەتی خۆپارێز(دووردەکەوێتەوە لەخەڵک لەترسی ئەوەی پێشوازی لێنەکرێت).
٤- کەسایەتی نەرێنی ـ شەڕانگێز
٥- کەسایەتی نرگسی.
٦- کەسایەتی سایکۆباسی ـ تاوانکاری.
٧- کەسایەتی ماسۆکی ـ زیانبەخش
٨- کەسایەتی ڕاڕا.
٩- کەسایەتی گۆشەگیر.
١٠- کەسایەتی ڕووتینی ـ دەق پێوەگرتوو.
١١- کەسایەتی هەڵچوو.
١٢- کەسایەتی پشت بەخۆبەستوو.) ( د.صالح حسن:٢٠٠٥: ٩٧-٩٩).

**هەروەها د. محمد بنی بەم شێوەیە پۆلینیکردووە،**

١- کەسایەتی سروشتی.
٢- کەسایەتی گۆشەگیر ـ گەشبین.
٣- کەسایەتی شیزی.
٤- کەسایەتی خەمۆکی،
٥- کەسایەتی هەڵگەڕاوە،
٦- کەسایەتی دڵەڕاوکێ.
٧- کەسایەتی ڕاڕا ـ گوماناوی.
٨- کەسایەتی زاڵبوو.
٩- کەسایەتی تاوانکاری،
١٠- کەسایەتی هستیری،
١١- کەسایەتی بەرهەڵستکار.
١٢- کەسایەتی جێگیر.
١٣- کەسایەتی سارد.
١٤- کەسایەتی ناتەواو ـ نیوەچڵ.
١٥- کەسایەتی هەڵچوو،
١٦- کەسایەتی تەقاوە.
١٧- کەسایەتی سۆزداری،
١٨- کەسایەتی نەرێنی.
١٩- کەسایەتی دەروون پێکدادراو،
٢٠- کەسایەتی داهێنەر.) (د. محمد بنی: ٢٠٠٤: ٢٤٤)،

ئەوەی جێگەی ڕامانە کۆی جۆرەکانی کەسایەتی وەکو ئاماژەی پێکراوە، دەکرێ لەڕووی مۆرک، ڕووکاری کەسایەتی، ڕووکاری جەستەیی، هەڵچوون" یاخود پێوانە" زیرەکی، هێمنی، شڵەژان، جەربەزەیی وتوانای تاک وگشتی و خێرایی ئاراستە، بەئاگایی و وردەیی، ژیری وبەهرە...هتد خاڵی جیاکاری لەنێوان خودی کەسێک خۆی یان کەسێک وکەسێکی تر یان کۆمەڵێک وکۆمەڵێکی تردا و هەمووشیان پەیوەستن بەفێربوون و ڕاهێنانەوە، بەو واتایەی تاک تاچەند پەیوەستە بەکارکردن لەسەر خۆیەتی خۆی، تاوەکو بتوانێت کەسایەتیەکی گونجاو بنیات بنێت. بۆ نموونە دەکرێ بڵێین لەو کۆمەڵگایانەی لە ململانێ و کێشەوشەڕو کێشمە کێشمی جەنگی بەردەوامدا دەژین و گوزەردەکەن، زیاتر کەسایەتی ڕاڕاودڵەڕاوکێ و زیان بەخۆگەیەنەر و گوماناوی و چەوسێنەرو تاوانکار لەزیربەندی پلەی یەکەمدان و تا ئەو ڕادەیی لەوانەیە ئەگەر چەند ڕۆژێک بێ گیروگرفت و کێشە و ڕووبەڕووبوونەوە بگوزەرینن، ئەوا خۆی گومان دەخولقێنێت بۆچی گەشبینە یاخود کێشەی نییە. کەواتە ئەو ژینگەی تاک ودەورووبەرەی تیایدا دەگوزەرێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەو کاردانەوەی کەسەکە لەبەرانبەر خۆیی و بەرانبەردا هەیە، جا ئەمە لەئاستی ژینگەی خێزان، کار، کۆمەڵدا بێت. سەبارەت بەکەسایەتی نووسەر دەکرێ بڵێین کەسایەتیەکی سروشتی پشت بەخۆبەستوویی داهێنەری هەبووە لەپاڵ کۆمەڵێ ڕووکاری تر کە لەدرێژەی توێژینەوەکە باسی لێوەکراوە.

- **کەسایەتی لەڕووی پێکهاتەوە.**

هەر بوونێک، بوونەوەرێک، دیاردەیەک، ڕووداوێک، ململانێیەک...هتد خاوەنی پێکهاتەی خۆیەتی کەتایبەتمەندی ئەو پێکهاتەیە دەخاتەڕوو، و ڕوونیدەکاتەوە، هەروەها هەندێ جار دەکرێ ئامانج ومەبەستیش دەس نیشان بکات.

سەبارەت بەکەسایەتی لەڕووی پێکهاتەوە تێکەڵەی کۆمەڵێ ڕەگەزە، کەیەکیان گرتووەو کاریگەری وکارلێکیان هاوشێوەی هاوکێشەیەکی کیمیایی" یەکگرتن، ئاوێتەبوون، شیکردنەوە"

لەیەکتری کردووەو کەسایەتی هێناوەتەکایەوە، چونکە هەر ڕەگەزەو خاوەنی خەسڵەت و بنەمای خۆیەتی، بەڵام ڕازی تێکچڕژاوی ڕەگەزەکان تەنیا دەکرێت لەڕووی تیوریەوە لەیەکتری جیابکرێنەوە ئەگینا زۆر بەیەکداچوونە، کەلەخوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:(

١- پێکهاتەی جەستەیی: ڕوخساری گشتی، خێراییو دواکەوتنی گەشەی جەستەیی، تەندروستی، ساغی وکەموکوڕی هەستەوەرەکان، گوروتین وخاوخلیسکی.
٢- پێکهاتەی عەقڵی: زیرەکی، بەهرە، توانای ڕۆشنبیری گشتی وتایبەتی.
٣- پێکهاتەی هەڵچوونی: هەڵچوونی دڵخۆشکەر وەک شادمانی، ئازار بەخش"خەم"، هەڵچوونی سادە، ئاڵۆز" تورەیی و ئیرەیی" سۆز ، کەس، نیشتمان.
٤- پێکهاتەی ئاکاری: دەستپاکی وڕاستگۆیی، ڕاشکاوی، گەشبینی، دەربازبوون لەدەمارگیری ولایەنگیری، خاکەڕایی لەبەرانبەر لووتبەرزی، ئازایەتی لەبەرانبەر ترسنۆکی و دوورەپەرێزی، ئاراستەکردنی ژیان بەرەو شتەبەسوودەکان لەباتی بەرانبەر ڕاکردن بەدوایی لایەنە هەستیەکان، گیانی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەر گۆشەگیری، گونجان و هەماهەنگی لەبەرانبەر بەرەڵلایی و داڕووخانی ڕەفتار...هتد.)(د. مەحمود موحەمەد:٢٠١٢: ٥١-٨٥).

هەر لەبارەی دابەشکردنی پێکهاتەی کەسایەتیەوە محمد ظاظا بەم شێوەیە دابەشیکردووە.(

١- خەسڵەتی جەستەیی: باڵا، هێز ، تەندروستی، هەست.... هتد.
٢- خەسڵەتی جموجۆڵ: خێرایی و سستی، کۆڵنەدان وبەردەوامی، داهێنان... هتد.
٣- خەسڵەتی عەقڵی: شیکارو دۆزینەوەی چارەسەر، وەبیرهاتنەوە، خەیاڵکردن، بڕیاری دروست،،،هتد.
٤- خەسڵەتی خورەوشت: هەڵچوونی زۆر، کاریگەری سۆزداری، جۆری خورەوشت.
٥- خەسڵەتی گوزارشتکردن لەخود: دەسەڵات و ملکەچی، شادمانی وگۆشەگیری.
٦- خەسەڵەتی کۆمەڵایەتی: کاریگەربوون بەکۆمەڵ، پەیوەندییەکان، بەشداریکردن لەچالاکی.)(محمدظاظا: بدون سنة الطبع: ٢٤٦). کەواتە پێکهاتەی کەسایەتی بەهەردوو ڕووکاری دەرەکی وناوەکی پەیوەستە بەچەند لایەن وخەسڵەت وتایبەتمەندییەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی لێوردبوونەوەیە لەم پێکهاتەیە؛ ئەوەیە کاریگەری و ڕۆڵی پێکهاتەیەک گرنگی لەدیاریکردنی وێنەی گشتی کەسایەتی تاکدا هەیە، لەوانە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بنچینەیی لەسەرجەم پێکهاتەکانی تردا دەگێڕێت جا ئەم کاریگەرییە ڕاستەخۆ یا ناڕاستەوخۆبێت، دەکرێ بڵێین "چۆنیەتی پۆشین، کلتوری کۆمەڵایەتی، حاڵەتی دەروونی، هەڵچوون...هتد" ، کەواتە ڕۆڵی هەر یەک لەپێکهاتەکان دەبنە بنەما بۆ وەسف و پێوانەکردنی ئەرکەکانی کەسایەتی لەنێوان ئەرێنی و نەرێنی، پەرەسێن و پەرەنەسێندا.

- **بنەماکانی کەسایەتی.**

بنیاتی کەسایەتی فرەلایەنە، بنیاتێکی وردوقوڵ لەچنین، ئاڵۆز هاوشێوەی تۆڕی جاڵجاڵۆکە، ناسک وێنەی شوشە، پتەو وێنەی ئەڵماس لەڕووی تێکهەڵکێشی بنەماو پێکهاتەوە، بۆیە ئەستەمە پێکهاتەیەک یاخود بنەمایەک بکرێتە کرۆکی بنچینەیی بنیاتی کەسایەتی، کەواتە کەموکوڕی

یازیدەرۆیی لەبنەمایەکی لاوەکی کەسایەتی ناکرێت بەمۆرکێک یاخەسڵەتێکی کەسایەتی دابنرێت، بەڵکو دەبێت بەدواداچوونی بۆ بکرێت کەوا هۆکار وهاتنەکایەی یان دروستبوونی ئەم خەسڵەتە چییە؟ بۆیە زانایان و پسپۆرانی بواری دەروونناسی کۆمەڵی بنەمای دیاریکەریان سەبارەت بەبنەماکانی کەسایەتی داناوەو زۆرینەیان لەسەر ئەم چوار بنەما دیاریکراوە سەرەکییە کۆکن: (

١- دیاریکراوەی بایۆلۆژی: سوود وەردەگرێت لە بایۆفسیۆلۆژی، لەوانە: جیاکاری تاکی، بۆماوەیی، خوو" میزاج، ترس، دوژمنکاری" ، ئارەزووی بەشداریکردن لەدەستە، لێکۆڵینەوە لەئامرازە ئەندامیەکان، پەیوەندی وەزیفی بە شێوازی کەسایەتیەوە، ڕژێنەکان.

٢- دیاریکراوەی ئەندامە دەستییەکان(الجماعة): لە تایبەتمەندییە بنچینهیەکانی مرۆڤ؛ توانای لەگۆڕانکاریدا" ڕۆشنبیری گشتی وتایبەتی، شارستانیەت"، کەسایەتی وکەسایەتی بنچینەیی، خێزان وەکو ژینگەی فێرکاری، خێزان وپێداویستی منداڵ، شێوەی مامەڵەو شێوازی کەسایەتی، کاریگەری قۆناغی منداڵی" ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی وکاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ- ڕێکخستن-گەشەی مۆرکایەتی-گەشەی بیری خۆیەتی- لەلای منداڵ".

٣- دیاریکراوەی کەسییەتی: ئەو ڕۆڵەی تاک پێ هەڵدەستێت" پێشبینی کردنی ڕۆڵ، وێنای ڕۆڵ، وەرگرتنی ڕۆڵ، بەجێهێنان یان جێبەجێکردنی ڕۆڵ"، منداڵ چۆن ڕۆڵ وەردەگرێت لەژیان" ڕێکخستن-گەشەی مۆرکایەتی-گەشەی بیری خۆیەتی".

٤- دیاریکراوەی هەڵوێست: هاوسەنگی گونجانی تواناکانی تاک لەگەڵ هێزی دەوروبەر دیاریدەکات، ناکرێت بڵێین هەرشتێک یان دیاردەیەک خودییە یاخود کەسییە، ئەگەر لەهەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی ژینگەی مادی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد وهەڵوێستەکانی مرۆڤ پێداتێپەڕ نەبێت، هەروەها هاوسەنگی یەک بە یەکی دیاریکراوەییەکان لەوانە "پەیوەندی دیاری لایەنی بایۆلۆژی و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی"، دیاریکراوەی خێزان، دیاریکراوەیەکانی دەرەوەی خێزان: قوتابخانە، مامۆستا، هاوڕێ پۆل، دەستەی هاوڕێیان،هاوکاری ڕاگەیاندن، کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە، تیڤی و سینەماو ڕادیۆ.)(د.سید محمد:١٩٧٥: ٥٨-١٤٩)

کەواتە بنیاتی کەسایەتی پەیوەستە بەکۆمەڵی ڕەهەندی ناوەکی ودەرەکی تاک کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، تاوەکو لەکۆتاییداکەسایەتیەکی ساغ بێتەکایەوە، چونکە دیاریکراوەیەکان پەیوەندییان بەڕەفتارەوە هەیەو هاوشێوەی کرداری کارو کاردانەوەی فیزیایی، کە پاڵنەرێک یان هاندەرێک پاڵی پێوەدەنێت بۆ ئەوەی ئەو ورپاکەرەوە ناوەکی یا دەرەکییەی پاڵی پێوەدەنێت هەڵوێستێک بنوێنێت.

بۆیە ئەم پرسیارەی لێرەدا دێتە ئاراوە سەبارەت بەپاڵنەر، ئایا کەسایەتی ناوەوەیە یاخود کەسایەتی-فۆرم- ڕواڵەت ڕۆڵەکان دەگێرێت. لەو بارەیەوە مان دەڵێت: (کەسایەتی ناوەوە مەرجی بنچینەیی تاکە سەبارەت بەپێشڕەوایەتی وسەرکردایەتی، ژێرەکان زیاتر ئارەزوودەکەن پێشەوایەتی کۆمەڵێک بکەن.... هەروەها سەبارەت بەهەڵویستیش لەوانەیە ئەو هەڵوێستەی کە تاک تیایدایە ڕۆڵێکی گرنگی لەڕەفتاری تاکەکە هەبێت، لەوانیە کەسێک لەهەڵوێستێک پێشەوا بێت لەهەڵوێستێکی تردا شوێن کەوتەبێت.)(د.سید محمد:١٩٧٥: ١٤٠-١٤١)، بۆیە ناکرێت تەنیا هۆکارێک بۆ کاردانەوەکان بکەین بەبنچینە، بەڵکو مرۆڤ تێکەڵەیەکی ئاڵۆزی ڕێژەییە لەنێوان کاریگەرییە ناوەکی ودەرەکییەکان،

که لەوانەیه کەسێک لەدوو ڕووداوی هاوشێوه هەمان هەڵوێستی نەبێت، ئنجا ئایا ئەمه لەژێرکاریگەری دیاردە دەروونییەکانه، ژینگە، ئەزموون، تەمەن...هتد. بڵێین ئەمانه کەسایەتی دەهێنێتەکایەوه، ئەریکسۆن لەم بارەیەوە دەڵێت: (پێکهاته نوێیەکانی کەسایەتی لەبۆشاییەوە دەرناکەون، بەڵکو لەقۆناغێکی پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوەو دەردەکەوێت، بۆیه پێکهاتەو بنیاتی باش لەکەسایەتی دەکرێ لەحاڵەتی هەبوونی بارودۆخێکی سایکۆلۆژی و ڕەفتاری گونجاو دەربکەوێت وجێگیر بێت.)(د.محمد بنی:٢٠٠٤: ٢٣٤).

**تەوەری دووەم: ڕاڤەی کەسایەتی و بژاردە کەسیەکان لەچوارچێوەی ژیاننامەی دڵدارەوە.**

چەمک وبواری کەسایەتی بەیەکێک لەبوارو چەمکە ئاڵۆزو شاراوەکان دادەنرێت، چونکه بوونێکە لەکۆمەڵێک دیاردەو بنەمای تایبەت ومیسالی وفریودراو. ئەمەش وایکردووە و هانی بیرمەندانی داوە بۆ شیکردنەوەی ئەو مەتەڵە، کەتاوەکو ئێستاش بەشاراوەیی ماوەتەوە بۆیە دەکرێ بڵێین بەکارهێنان وبەردەوامیەتی چەمکی دەمامک لەفەلسەفەی ئەفلاتون باوەڕی وایه کەسایەتی(تەنیا ڕووکارێکەو پێویستە لەپشتەوەی ناوەڕۆکێک هەبێت.)(د.سید محمد:١٩٧٥: ٤٢) کەواتە دەکرێ بەپشت بەستن بەم پێناسەیە ئەم زاراوانە بخەینە ڕوو لەپێکهاتەی کەسیەتییدا، لەڕووی دەرکەوتەوە:

١- کەسایەتی هەتاویی: کەسایەتی پێشکەوتوو.
٢- کەسایەتی سێبەری: تێگەیشتوو، لەسێبەرەوە ڕووناکی دروویَنه بکات.

هەروەها لەڕووی پێکهاتەوەیش دەکرێ بڵێین:

١- کەسایەتی هەواڵی: تەنیا بڵاوکەرەوەی هەواڵ شوێن پەنجەی لەبڕیاردا لاوازه، تەنیا جێبەجێکارە.
٢- کەسایەتی شیکەرەوە: ئەو کەسانەن کە تێگەیشتوونو خاوەن فەزیلەتن.
٣- کەسایەتی داڕێژەر: ئەو کەسایەتیانەن توانای داڕشتنیان هەیە.
٤- کەسایەتی جێبەجێکار. بەکارهاتوو.

ئەمانەی ئاماژەمان پێکردووە پاڵپشت بەجۆرەکانی کەسایەتی وپێکهاتەو بنەماکان هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر کەسایەتی دڵدار چونکە شیکاریی دەروونی (پاڵنەراوە بەهیچ پاڵنەرێک بۆ بەپەڵەدارکردن یان پیسکردنی ئەوەی پاکە، یاخود ڕاکێشانی ئەوەی ژهراوییەو بیخەتە خوڵەوە...هیچ تێربوونێک لەنەخێشتنی مەودای نێوان کەمالی ناوبانگ وبێ بەهایی شتە ئاساییەکان نادۆزێتەوە. بەڵام هیچ فێلێک لەدۆزینەوەی هەر شتێک کەشایانی تێگەیشتنه لەچوارچێوەی ئەو نموونانەی دەکرێ درکی پێبکرێت نادۆزێتەوە، هەروەها باوەڕیبەوە هەیە لەوەی کەسایەتیەکان چەندە گەورەبن شەرم نییە ببنە بابەتی یاساکان کەکردار وپرۆسەی ساغ وناساغ بەهەمان وردبینی بڕیاری لەسەر دەدات.)(سیغموند فروید: ١٩٧٥: ٦).

- **کەسایەتی دڵدار لەنێوان تیرۆژ و نسێدا.**

باس وخواس دەربارەی دڵدار کارێکی سانانییە، بەڵکو پێویستی بەڕامانێکی وردەو توێژەر وێنای سروەیەکی بێ ڕەنگ ودەنگی لیدێت لەئاست تاقگەیەکی ناوازە لەجوانی، بەهێز لەشەپۆل، سەرنجڕاکێش و ورد بەبەراورد لەگەڵ کەسایەتیەکانی سەردەمی خۆی، کەهێندە بەبوێری باسی

لەکۆمەڵێ بابەتی کۆمەلایەتی ودەروونی وکۆمەڵناسی...هتد کردووە، دەکرێ بڵێین نووسەران تارادەیەک لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەم توانیبێتیان بەم جەربەزەییەوە باسی لێوەبکەن. لەوانە:

- تایبەتمەندی دڵدار لەگێڕانەوەی خۆیەتی خۆیدا لەوە دایە زۆر بەوردی وسەلیقەووریایی وئەمانەتەوە باسی
- لەخۆیکردووە، وەکو خۆی دەڵێت: ((ئەتوانم وەکو شەخسێکی ئەجنەبی سەیری یونس رەئووف بکەم و زۆر بەئەمینی موزەکەراتی بنووسمەوە...

ڕێگەی عاتیفە نەدەم کەیاری بەقەڵەمم بکات...زۆر هەوڵی ئەوە ئەدەم کە بەتەرتیب ئەم موزەکەراتە تەسجیل بکەم تابتوانم عیللەتی گەلێ شتی پێ تەفسیربکەم.))( ل١٢). ئەمە سیمای کەسەئازادەکانە، کەخاوەن ناسنامەی خۆیانن وتوانای دەربڕینیان هەیەو دەتوانن خاڵ لەسەر پیت دابنێن، چونکە ئازایی وئازادی دەربڕین کاریگەری هەیە( لەوەی خەڵک هۆگری ئاخاوتنەکەی بێت لەوشە نەترسن...ئازادی لەبیر وکار و ڕەفتار وادەکات هەر تاکێک ڕێز لەبیروبۆچوونی بەرانبەر بگرێت و لەکارو و ڕەفتاری ڕابیت، بەبێ ئەوەی شوێنکەوتەی بێت...ئازادی سەرچاوەی فراوانی بیرو دەروونە.. ڕێگەیە بەرەو هێز..سەرکەوتنی مرۆڤە بەسەر دەروونی خۆی وسەرجەم لاوازی و ناپەسەندی مرۆڤایەتی...چارەسەری هەموو شتێکە.)(توفیق الحکیم:٢٠٠٥: ٥٠). بەو واتایەی لەگەڵ بەرانبەر بێت نا بەکاری بهێنێت و سڵ لەکەموکوڕییەکانی نەکاتەوە، بەڵکو ڕووبەڕووی هەموو شتەکان بێتەوە بەبێ ترس و شەرم، چونکە (ئەو تاکانەی لەئاستی پایەبەرز بیردەکەنەوە ڕازین لەخودی خۆیان، پێیان نەنگییە ڕەتکەرەوەو ناڕازی بن، یاخود لە ونبووە گاڵتەچیەکان بن، چونکە ئەوان بت شکێنەکانن، چاریان نییە، لەم وەرزشە خۆشی وچێژوەردەگرن.)(ارمست دمنیە:١٩٦٧: ٤٤).

بۆیە لەسەرە داوی گێڕانەوەی یادەکانی دەڵێت: ((من لەسەر ئەم قەناعەتە پەروەدەکراوم، لەجیاتی شیرینی ژیان تاڵاوی فەقیریم چەشتووە))(ل١٦)، مرۆڤ ئەم سیفەت وسیمایانە لەڕێی پەروەردەو پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتیەوە هاوشێوەی ڕسکێکی چنراو وبەدوایەکهاتوو لەوانە خێزان(خانەوادە)، دەزگای پەروەردەیی، هاوڕێ وشوێنی پەرستن و ژینگەی دەوروبەر... بەدەست دەهێنێت. بەو واتایەی پەروەردە وگونجاندنی کۆمەلایەتییە وا لە تاک دەکات چۆن حەز و ڕەفتار و هەڵچوونەکانی بەشێوەیەکی زیندو بنیاتبنێت، تاوەکو تاکێکی پێگەیشتووی لێوە پێبگات، کەدەڵێت: ((جار جار ئەچوینەقەسری مەلا ئەفەندی لەوێندەر حەلەویات و شەکریان بۆ ئەهێنام نەک وەری نەگرم بەڵکو تەماشاشم نەدەکردن لەبەر ئەوەی گۆیا نەمزانیبێ ئەمانە خۆشن و من لێی مەحرومم وەیا حەزم لێ نەبووبێ، بەڵکو وام چووبووە مێشکەوە کە لەماڵی خەڵق تەماشای شتی خەلق کردن خراپە، ئەگەر بێت و وابکەم فاتمە سیدیم(*) لێ عێجز دەبێ..))(١٧). بەو واتایەی نووسەر لەو کاتەوە توانیویەتی هاوسەنگی دابونەریت وداواکارییە خودییەکانی لەنێوان هەبوون ونەبوون یەکلابکاتەوە، کەدەڵێت: ((ئێستاش لەسەر عەینی خوو ماوم یەعنی ئەتوانم زۆر بەسەهلی لەگەڵ زروفی ژیانی خۆم، خۆم ڕێک بخەم، هێشتاکە بەفیکرم دانایێت بەتایبەتی حەزم چووبیتە چ نەوعە خواردنێک ئیستنکافم کردبێ..)) (١٧)، جگە لەوەی چۆن خۆی لەبارودۆخی هەبوون و نەبوونی و کاریگەریەکانی کۆنترڵ کردووە تا ئەو ڕادەیەی بۆتە بەشێک لەبنیاتی کەسێتی ئەودا.

* - فاتمە سیدی داینی دڵدار بووەو زۆری خۆشەوستووە.

دڵدار لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکەی کاریگەری زۆری لەسەر جێهێشتووە، ئەمە وایکردوو دایکی ناهێڵێت زۆر بچێتە کۆلان تێکەڵی منداڵان ببێت بۆیە بەشێوازی پەروەردی تایبەت و تێچوویی مادی گرتۆتەبەر "کەلەو کاتەدا خانەوادەی دڵدار باری داراییان زۆر باشیش نەبووە، بەڵام دایکی زۆر وشیارانە مامەڵەی لەئاستدا کردووە"، تەنیا لەبەر ئەوەی منداڵەکەی ئاسودەبێت وهەست بەکەمایەتی نەکات، کەدەڵێت: ((دایکم نەیهێشتووە کەبچمە "کۆلان" لەگەڵ منداڵان یاری بکەم یۆ ئەوەی لە ماڵەوە عاجز نەبم...ئەغلەب یاریمان عیبارەت بوو لە تەمسیلی ئاغا ونۆکەر منیان ئەکردە ئاغا خوشیان ئەبوونە نۆکەر ئیتر ئەمرم دەکرد ئەوانیش بەقسەیان دەکردم بەمە تەحەکومێکی زاتیم لەگەڵ خوێندا تێکەڵ بووە یەک لەخەسائیسی ئەسلیم کە چەندی ئەکەم ناتوانم بێی ئەو تەحەکومە بژیم.)) (١٧)، لێرەدا کۆمەڵێ تایبەتمەندی دەست نیشان دەکرێت لەوانە تاوەکو هەست بەپەککەوتەیی و کەموکوڕی نەکات، بەڵکو زۆر بەئاسایی ژیان بەسەر بەرێت وهەست بەبوون ورۆڵی خۆی بکات کە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیەکی تر لێرەدا دەکەوێتە ڕوو ئەویش نهێنیەکە لەوەدایە هەرچەندە ژمارەی منداڵەکان دیاریکراوەو بەردەوام دووبارە بوونەتەوە بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی کاریگەری نەرێنی وهەستی لادان، شەڕانگێزی، خۆ بەگەورە زانینی دەسەڵاتداری لێبکەوێتەوە بەڵکو هەر لەو ساتەوە ڕایهێناوە لەسەر خاکەڕایی"تواضع" وچۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەرک و ماف وفەرمانکردن وبڕیاردان، هەموو بەدیهێنانی ئەو سیفەتانە لەسێبەری دایکێکی وشیارەوە دێت تا چەند سەرکەتوو بووە لەوەی بەشێوازێکی زۆر سەرکەوتوو،و زانستیانەی سەردەم وتایبەت پەروەردەی بکات.

هەرچەندە دڵدار بەشێوەیەکی زۆر خانەدان وئورۆستوکراتی پەروەردەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندێ خەسڵەت و پاڵنەر هەن کە نووسەر خۆی لێیان دەدوێت کە لەقۆناغی منداڵیدا هەبیووەو چۆن کاردانەوەی لەلایەنێکی تری کەسایەتیدا هەبووە؛ لەوانە خەمۆکی، دایکی زۆرینەی کات چاوەکانی بەفرمێسکە چونکە خاڵێکی دڵدار لەسێدارە دراوە، هەروەهالەبەر ئەو دەستکورتی وهەژارییە لەناکاوەی ڕووبەڕوویان بۆتەوەو جگە لەهەڵویستی باوکیشی لەدژی ئینگلیزەکان هۆکارن بۆ ئەوەی لەکەشێکی پڕ لەغەم ونەهامەتی گەشەبکات، کەدەڵێت: (( لەناو موحیتێکی غەم وئەندۆ پەروەدە دەکرام شێوەییکی" کەئابەت"و ماتێکی تەبیعیم وەرگرت، کەدایکم ئەگریا زۆر پێ تێک ئەچووم، خێرا فاتمە سیدی وە یەک لەخوشکەکانم منیان ئەبردە لاییکی ترەوە ئەیان غافلاندم حیکایەتی خۆش خۆشیان بۆ ئەکردم.))(١٨). دەکرێ بڵێین زۆر متووی دایکی بووەو کاریگەری زۆری لەسەری هەبووە، بەڵام دڵدار وەکو خۆی دەڵێت بەشکۆ وسەربەرزییەوە پەروەردەکراوە" ناهەرفێرکرابێت بەڵکو ڕاهێنانیشی پێکراوە" دەکرێ بڵێین هەژاری و سەربەرزییەکەی بەشێکە لەخەمۆکییەکەی، بەڵام ئەوەی جێگەی دڵخۆشکەرییە لە ماوەی ئەو قۆناغ وهەڵوێستەدا، هەڵوێستی فاتمە سیدی دایەنی وخوشکەکانیەتی کەوا بوونەتە دەروازەیەک لەلایەک لەئاگالێبوونیان و لەلایەکی تربۆ سەرهەڵدانی مەلەکەی خەیاڵ لەڕێی ئەو حیکایەت وهەبوو نەبووانەی بۆیان دەگێڕایەوە کەببووە هۆی هێنانەکایەی خەیاڵێکی ئاسودە، کەدەڵێت: ((تاوام لێ ئەهات زۆر جاران بە تەنها لەگەڵ خۆم ئەدوام بەمە لیم ئەترسان کەنەک شێت بم ئێستا لەگەڵخۆ دوانم نەماوە.))(١٨)، هەڵبەت ئەم دیاردەی خۆدواندنی منداڵ(مۆنۆلۆگ) لەگەڵ خۆیدا دیاردەیەکی ئاساییەکە بەدەنگی گەورە قسە لەگەڵ خۆی دەکات.

یاخود دیاردەیەكی تر لەكەسایەتی نووسەر تەنیاییە، زۆر حەزی لەتەنیایی بووە تاڕادەی چێژی لێوەرگرتن، تاوەكو سەرنجە وردەكانی بهۆنێتەوە، كەدەڵێت: (( عەرزم كردن كە زۆر حەز لەبە تەنهایی دەكەم وە زۆریش ئاسودە بەخەیالآت پەیدا دەكەم ئەمە خاسیەتێكی مندالیمە، من ئەم خاسیەتەم زۆر چاك لە قولە بەكاردەهێناسعاتەها لەسە ئەستیورە زەلامەكانی دەوری قولە دائەنیشتم سەیری شەپۆڵە وردیلەكانی قولە دەمێك و سەیری وێنەی "چیای رەش" كە لەئاوەكەوە دیاربوو دەمێكی ترم دەكردو هەزاران چەشنە خەیالآتی ئەوساكە كە دەسەلاتم بەسەردا ئەشكا بەمێشكم دا ئەهات ئەمانە وردە وردە جوانی تەبیعەتیان لەدڵ چەسپاندم چاویان بەرەونەقی خۆیان گەلاوێژ دەكردم.)) (٢٢). تەنیایی نووسەر لەخۆدوورخستنەوەو ڕاڕایی و دڵتەنگی...هتد نەهاتووە بەڵكو خۆی تەفسیری هەست وزەینی خۆی دەكات كەوا بۆتە بنەمای چەكەری بیرو چێژ لێوەرگرتن، چونكە لەبواری دەروونناسییەوە ئەم حاڵەتە ڕوون و ئاشكرایە كەوا مندالان لەخوار تەمەنی "٩–١٠" ساڵییەوە (شاعیر وفەیلەسوفن، دەڵێین كەوا لەگەڵمان دەژین، بەلآم لەواقیعدا ئەوان هاوشێوەی پیشلەلەنێو خودی خۆیان گۆشەگیرن، بەردەوام لەنێو خۆشیەكی سیحری ئامێز كە لەنێو ناخی خۆیاندا دەیبینن دەژین، سامانی زەین وعەقڵیان لەسەرووی ئاسایی وباوەوەیە، ناتوانن برێك لە بیرۆكە وبیرو بۆچوون وسامانە بە بەهاكەیان ببەخشن، تەنیا هونەرمەند ونووسەر و داهێنەرە بەناوبانگەكان نەبن.)(ارنست دمنیە:١٩٦٧: ٥٠). كەواتە ژینگەی ناوەوەو چۆنیەتی تێڕوانینی تاك لەخۆیەتی خۆی كاكڵی بنچینەیی بنیاتی كەسایەتی مرۆڤەكانە لەچونیەتی گونجانی كەسی وكۆمەڵایەتی" ژینگە" چونكە ڕامانەكانی تاك لەشێوەی كرداری خۆی" فۆرم" و لەوێنای شێوەی لەقوڵایی خۆیەتی خۆیدا دەبنە نموونەی بالآ وئاراستە وبەها وپێش بینیكردن وئامانج كە مەبەستیەتی بیان هێنێتەدی، ئەمەش هەموو خودێك هەوڵی هێنانەكایەی دەدات.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێكردنە چەندە تاك سەركەوتووبێت لە هاوسەنگی وهەماهەنگی لەنێوان ئەم دوو ڕامانە" خەمۆكی و تەنیایی" لەهێندی حاڵەتدا "هاوشێوەی دڵدار و كەسایەتیە داهێنەرەكان" دەبێتە هۆكاری ئەوەی پاڵنەری گەشەی ئەرێنی لێ بێتە كایەوە، چونكە ئەم جۆرە كەسایەتیانە كە چینی كەمینەن نایانەوێت خەڵكیش بەهەمان ناخۆشیەكاندا تێپەڕێت، بۆیە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان پلان و پرۆژەو بیرۆكەی نوێی بهێننەكایەوە.

ژیان لەدیاردەو حاڵەتی نەخوازراو بێبەش نابێت بەڵكو لەهەر سات و كاتێكدا دیاردەكان ڕوودەدەن لەوانە هەندێ بنەماڵە یان كەسایەتی لەهێندی حاڵەتدا هەڵوێستێكی نادیار یان پرسیارێكی نامۆ لەكەسێك دەكەن بەبێ ئەوەی پێشوەختە سەرە داوێكی دابێتە دەست، جگە لەوەی تەمەنی كەسەكەی لەبەرچاو گرتبێت، ئایا لەئاست ئەم پرسیارە وەلآم وكاردانەوەی چۆن دەبێت، دڵدار یەكێكە لەو كەسانەی لەهەڵوێستێكی قورس ڕووبەڕووی ئەم جۆرە هەڵوێستە چاوەڕواننەكراوانە بۆتەوە، كاتێك ئاسەفی برای بانگی لێوە دەكات و لێدەپرسێت: ((یونس تو چیت؟ جوابم دایەوە: "من یونسم چ بم" ئینسانم ووتی مرازم ئەمە نیە یەعنی تۆ خۆت بە كورد یان تورك یان ئینگلیز دائەنێت یان نا؟ پاش گفتوگۆیەكی زۆر كە هیچی لێ تێنەگەیشتم بەلآم یەك شتی لەعەقیدەو ئیدیعا گۆریم كەئەویش لێیان پرسیم تو چیت بڵێم كوردم.. دوو سێ سەعات لەژێر تەئسیری ئەم وتارانە مامەوە لەنیهایەتدا قەرارمدا كەرقم لەهەمووی ببێتەوە.))(ل٢٥) وێنەی گۆمێكی شڵقاوی لێهاتووە كە بەردێكی گەورەی تێگیراوەو لەرینەوەیەكی گەورەتری دروستكردووەو لە وەی چاوەڕوانكراوە، دەبێ ئەوەمان لەبیر

بێت قورسی بەردەکە وایکردووە زۆر زوو بکەوێتە ژێر ئاوەکەو لەبەرچاوان وونبێت، کەدەڵێت: ((ئەمە دەرسی یەکەمی نیشتمان پەروەری بوو کە وەرمگرت وبەم چەشنەش لەدڵمدا جێگیرنەبوو.))(ل٢٦). واتە کاردانەوەکان لەو حاڵەتانەدا ڕاستەوخۆنییە بەڵکو پێویستی بەکات هەیە تاوەک شەن وکەوی بکات. چونکە تاکەکان ئەگەر لەنێو ڕەگەز پەرستی وکاری جیاخوازی نەتەوەیی ونەژادی نەژین ئەوا هەست بەجیاوازی ناکەن، بۆیە دەڵێت برپارمدا رقم لەهەموویان بێتەوە، هەڵبەت ئەمە حاڵەتێکی ترسناکە تاک بەبێ ئەوەی تێبگات شتەکان ڕەتبکاتەوە، جگە لەوەی دەکرێ بڵێین لەلایەکی تر ناوشیاری وگوێ پێنەدان ورەگەزپەرستی خەباتکارێک دەخاتەروو، کە نابێت کەسانی خەباتکار و شۆرشگێر تۆی جیاکاری و ڕقوکینە و دووبەرەکی ورەتکردنەوەی تاکەکان لەجێ ناسنامەو قبوولکردن لە زەین و هەستی نەوەکاندا بچێنن، لەم بارەیەوە تۆفیق حەکیم دەڵێت: (گەلە لاوازەکان بەردەوام لەو گومان ودالغەو دوودڵییە دان، کەوا بیروباوەڕی سەربەستی ونەتەوایەتی بە وشەیەک یا پۆشینی جلوبەرگێک دادەماڵرێت و دەڕوات، بۆیە لەتەنیا وشەیەک دەربڕینێک هەڵدەچێت ودەترسێت...ئەم هەناسە سواریەش دیاردەیەکە لەژیانی هەموو میللەتاندا باوە، بەگوێرەی ڕەچەڵەکی لەڕووی سەربەخۆیی و شارستانیەت وهێزەوە. )(توفیق الحکیم:٢٠٠٥: ٤٩-٥٠). کەواتە چۆنیەتی گەیاندنی پەیام بە بەرانبەر کارێکی سانا نییە، نابێت توندوتیژی تیایدابێت تاوەکو نەبێتە مایەی ڕق لێبوونەوەو ڕەتکردنەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنج و خۆشحاڵییە تایبەتمەندی کەسایەتی دڵدار لەوەدایە کەوا دیاردەو خەسڵەتی ڕق لێبوونەوەی نییە" ئەم خەسڵەتە دایکی ودایەنەکەی ڕایانهێنابوو، کە دەبێت سەربەرزبێت"، بەڵکو خاوەنی پەیامێکی مرۆڤ دۆستانەیە، بەو واتایەی کەسایەتی هەر کەسێک لەئەنجامی (کارلێکی هۆکارە بایۆلۆژیەکان وکۆمەڵایەتیەکانەوە پێکدێت وکاتێک مرۆڤ لەدایک دەبێت چەندەها ئامادەیی بۆماوەیی جەستەیی ودەماری و دەروونی وەک زیرەکی و بەهرە و هەستیاریی هەڵچوون وپلەی گوڕوتاو و تەنبەڵی وتوانای بەرگەگرتنی دەروونی لەهەمبەر فشارەکانی ژینگەدا لەگەڵ خۆی دەهێنێت.)(مەحمود محەمەد:٢٠١٢: ٤٤).

لەو ڕووەوە دڵدار پێشەنگە لەگەڵ ئەوەی نەخۆشی زمانیشی هەیە، کەچی کەسایەتیەکی پێشەنگە؛ ئەو سووربوون لەسەر سەرکەوتن وتێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی لەوەدایە، هەر لەمنداڵیەوە بیروبۆچوونی پروپووچی ڕەتکردۆتەوە، کەتەنیا بەکریمانەیەک لاوازبێت وگومان لەهەست وزەینی چەکەرەبکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێداگیری لەسەر تواناکانی خۆی کردووە؛ کاتێک مامۆستا زەکی لە دواڕۆژەکانی پۆلی شەشەمی سەرەتایی، کەبەرەو تاقیکرندنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەچن پێیان دەڵێت فاڵتان بۆ دەگرمەوە، کەچەند دەنکە برنجێکی دانابوو، دەبوو چاویان بنوقێنن وچەند دانە برنجێک هەڵگرن دواتر یەک دانە بژمێرن بەپێ ژمارەکە ڕستەیەکیان بۆ دەخوێنێتەوە، بەدڵدار دەڵێت: (("لا یمکن ان تنجح فی الحیاة لانک تقتل عصفورین بحجر واحد، فیطیران منک وترجع انت بخفی حنین" بەمە ڕەفیقەکانم لە پێکەنینیاندا، من چاوم پربوو لە ئاو.. قورئانێکم هێنا زۆر بەتەهەورەوە سوێندم خوارد کە مومکین نییە ئەبێ من هەر ناجح بم وە لەحەیات سەربکەوم.))(ل٤٦). لەڕووی دەروونناسییەوە ئەم جۆرە کات بەسەر بردنە بۆخۆشی وگاڵتەش بێت نابێت لەکاتی واهەستیاردا ئەنجام بدرێت، چونکە لەو کاتەدا خۆی شڵەژاوەو لەدڵەڕاوکێدا دەژیەت، جگە لەوەی لەقۆناغی هەرزەکارییدایە، کەدەبێت پەروەردەکار یارمەتیدەرێکی ئەرێنی بێت وتاک لەسەر ڕێنمایی و ڕاهێنان ڕابهێنرێت، تاوەکو کەسایەتیەکی پتەوی لێ بهێنرێتەکایەوە نا بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی

ڕامانە؛ پەروەردەی خانەوادەیی دڵدار کاریگەری هەبووە لەوەی چۆنفێری پێداگیری و ڕاهێنان وبڕیاردان بێت و بەسانایی دەستبەرداری شتەکانی خۆی نەبێت وتەسلیمی بەرانبەری بکات.

- دڵدار و خوێندن... دڵدار هەر لەمنداڵییەوە خولیاو متووی خوێندن وفێربوون بوو؛ بەجۆرێک حەزی لەخوێندن بووە

تاڕادەی ئیرەیی بردن بەوقوتابییانەی بەیانییان بەبەردەمی پەنجەرەکەی تێپەڕئەبوون، کەدەڵێت: (( ئەمین زۆر پاک وخاوێن وبە ئەدەب بوو هەموو ڕۆژێک بەپێش پەنجەرەی مالی ئیمەدا رائەبورد گەلێکم حەسوودی پێ ئەبرد چونکە ئەچووە مەکتەب.))(ل١٩). لامان ڕوونە ئیرەیی هەڵچوونێکی لێکدراوە لەنێوان کۆمەڵە هەڵچوونێکی غەم وپەرۆشی وتورەیی ودڵەڕاوکێ ورقوکینە...هتد دا. جیاوازی ئیرەیی لەوەدایە کەوا دیاردەیەکی دەروونی درێژخایەنە بەبەراورد لەگەڵ هەڵچوونەکانی تردا کە کاتییە وقۆناغ بەقۆناغ بەرەو پووکانەوە دەچێت، بەڵام سەبارەت بەئیرەیی دڵدار ئیرەیی زانستە، کەنایەوێت لەو بەخششە گەردوونییە بێبەش بێت بەڵکو دەیەوێت تاوەکو زووە بگاتە ئەم کاروانە بەچێژە، بۆیە پێداگیری دەکات ودەڵێت: ((کە مەکتەب کرایەوە دەستم بەگریان کرد کەلازمە بچم بۆ مەکتەب.))(ل١٩) واتە ئیرەیەکی زانستی پیرۆزە لەپێناو پێشکەوتن وناسین و وردبوونەوەیە لەدەوروبەر.

منداڵی دڵدار قۆناغێکی لەباربووە بۆ پێگەیاندنی لەڕووی ئەو پێشهاتانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، کاتێک لەڕانیە بوونە، لەیەکەمین ساتە وەختی چوونی بۆ قوتابخانەی عوسمان ناوێک هەڕەشەی لێدەکات کەوا چاوی دەردێنێت، ئەویش کەپێ دەڵێت بابزانم عوسمان پەنجە دەکاتە چاوی. دڵدار سەبارەت بەو ڕووداوە دەڵێت: ((لە پاش ئەو حادیسەیە من و ئەو کوڕە بووینە برادەرێکی زۆر مەتین. ئیعتمادم زۆر لەسەری دەکرد زۆریشی ئیعتماد لەسەر دەکردم وە لەعەینی وەختا ئینقلابێکی فرێدایە ناو ژیانمەوە ئەویش هاویشتمیە ناو جوولانەوەو ڕانەوەستان بەتەبیعەتی حاڵ فێری تۆپێنی وقاشەوانی و سێ باز لەئەم چەشنە یاریە عەنیفانە بووم لەم ڕووەوە زۆر قەرزاری" عوسمان"م.))(ل٢٣). کەواتە لێرەوە ڕادێت چۆن لەڕووبەڕووبوونەوەو ململانێ وتوندوتیژی ڕابێت، جگە لەوەی نابێت ڕاوەستێت و تەنیا بینەر بێت، بەڵکو دەبێت ڕۆڵی هەبێت وببێتە کەسێکی شارەزاو لێهاتوو، کەئەمەیش لەڕێی کۆمەڵێ ڕەگەزی (* ئەقڵی" مەعریفی": بریتییە لەپێوەرەکانی ئایدیۆلۆژی و زاڵبوونی ئەقڵ بەسەر سۆزو عاتیفەدا، * ڕەگەزی ویژدانی" سۆزداری": بریتییە لەڕەگەزە دەروونییەکان کە بۆ هاندانی دەروونی مرۆڤ درێژدەبێتەوە، * ڕەگەزەکانی ڕەوشت" هەڵسەنگاندن": بریتییە لەتێبینیکردن لەسەر پەیوەندییەکان وهاوسەنگی لە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان.)(فوئاد سدیق:٢٠١٥: ١٣٦)، بەو واتایەی ئەگەر تاک دەستەوەستان بوەستێت دەبێتە کەسێکی پەرەنەسێن.

کاریگەری هاوڕێیەتی عوسمان دەبێتە بناغەیەک بۆ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێت وبڕیاری خۆی هەبێت بەتایبەتی کاتێک ئەحمەدی خواجە ئەفەندی کەهاوڕێ ئاسەفی برایەتی دێتە ماڵیان و وێنەیەکی شێخ مەحمودی نەمری دەداتێ؛ کەدەڵێت: ((زۆر کەیفم پێخۆش بوو کە ڕەسمی مەلیکی کوردوستانم لابێ، بەڵام کوردوستان کوێندەرە؟ ئەمەم نەئەزانی لەکەسیشم سوئال نەدەکرد پاش دوو ڕۆژ موجەلەیێکی میسریم شەق وپەق کرد ڕەسمەکانیم دەرهێنا وەک شریت بەسەمغ بەیەکترەوە نوساندن" ڕەسمی مەلیکی کوردستانیشم لەگەل وان تێکم بەست ئەو سەر شریتەکەم

لەدارێک خست وسەرەکەی تریشم لەدارێکیتر خست ...لە محەلەکە سەیری مندالانم ئەدا، کەدەگەیشتمە سەر شێخ مەحموود ئەمووت:" ئەمە شێری شێرانە مەلیکی کوردوستانە" بەم سورەتە شێری شێران ومەلیکی کوردوستانم نیشانی مندالان ئەدا.))(ل٣٥)، کەواتە لێرەوە چەکەرەبوونی کەسایەتی دڵدار وەکو داڕێژەرێک وجێبەجێ کارێک چەکەرەدەکات، کەخاوەن بیرۆکەی خۆیەتی ئەمە ش پنت و ڕازی کەسایەتیە خۆیەتیە دانسقەکانە.

بەردەوامی جێگیرنەبوون و گوازە گوازی دڵدار لەشوێنێک تاشوێنێکی تر کاریگەری ئەرێنی هەبووە لەوەی لەجوغزێکی داخراو نەمێنێتەوەو بەڵکو لەبازنەیەکی کراوەدا بژیت ولەگەڵ توێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵ تێکەڵاوی پەیدابکات ولێهاتوویی وبەئاگایی خۆشی یارمەتیدەری بووە لەوەی چۆن مامەڵە بکات بەتایبەتی لەساڵی ١٩٣٦، کەوا لەگەڵ شەش هاوڕێ نوسراوێک ئاراستەی پارێزگار"لیوا"ی هەولێر بکەن وەکو ناڕەزاییەک لەبەرانبەر ئەو سووکایەتەی بەزمانی کوردی دەکرێت، کەدەگاتە ئەو ڕادەی لێپێچینەوەی بۆ بکرێت، بەتایبەتی دوایی بڵاوبوونەوەی بڕیاری "عصبة الامم" کەدانی بەمافی زمانی کەمینە نەتەوەیەکان داوە، دڵدارو هاوڕێیەکانی نوسراوەکە پێشکەشدەکەن، وەکو دەڵێت: ((فیعلەن نووسراو رەوانەکرا. بەڵام نەتیجەی مەحسوسمان نەکەوتە دەست... تەنیا لە زوبانی پیاوێکە گەورەوە بۆیان گێراینەوە کە بەسورەتی واسری شتی واحەیەوی زەرەرە، هەر کەسێکی کەئەمانەی نووسیوە وە یاهەر جەماعەتێک کەئەمەی کردووە بێن ئیدیعابکەن ئێمە تا ئاخیر نەفەس بەگەلیانین خێرا تێگەیشتین حکومەت...ئەیەوێ بەم سورەتە نیقاب لەسەر ئەم جەماعەتە لابدات، تەبیعی ئەم نووسینانە کەوتە بەرچاوی هەموو کەسێکی لێوەشاوە بەراستی ئیستیفادەیەکی زۆری لەلایەن ئینتیباهی قەومی یەوە بەخشی.))(ل٥٨-٥٩). کەواتە دڵدار و هاوڕێیەکانی نەک هەر خاوەنی زمانێکی قەناعەت پێهێنەربن، بەڵکو توانیویانە کاریگەریی وپێداچوونەوە لەسەر ڕای گشتیش بهێنەکایەوەو هێزێکی جووڵێنەربن، ئەمە ئیرادەی ئەو کۆمەڵە گەنجەمان بۆدەخاتەڕوو تاچەند خۆیان پەیوەستکردووە بەکێشەی نەتەوەکەیان وئامادەی هەموو ڕووبەڕووبوونەوەیەک بوون، کەواتە ئیرادە ـ ویست ـ (وا لەمرۆڤ دەکات خۆی پەیوەستی ئەو شتە بکات، کەحەزی لێدەکات، تەنانەت پێیوایە مەسەلەکە بەگشتی یەک شتە وخۆیشی بەشێکە لەو گشتەو ئەو شتەش، کەخۆشی دەوێ بەشێکی دیکەی گشتەکەیە.)(ڕێنی دیکارت:٢٠١٠: ٦٥-٦٦).

- لایەنی کۆمەڵایەتی. بوونی دڵدارلەنێو خانەوادەیەکی گەورەو ڕۆشنبیر کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە بەئاگایی و

وریایی لەدروێنەی دەوروبەرەکەیدا، لەوانە سەبارەت بەدایکی دەڵێت: ((دایکم ئافرەتێکی دڵ نەرمی جارجار زۆر توڕەی، سەخی، بەتەدبیرە، بێجگە لەمەش زۆر مەتەحەمیلەیە، وەعیزەتێکی نەفسی زۆر نادری هەیە.))(ل١٣). بەو واتایەی لەباوەشێکی هاوسەنگ و دوور لەزێدەڕۆیی گەورەبووە، کەبەردەوام دەبێت ودەڵێت: ((هەروەکو عەرزم کردن کە بۆ من تەسادوفی دەوری فەقیری ودەربەدەری فامیلیای ئێمەی کردووە هەر لەو فەقیریەش گەورەبووم، خێزانێکیزۆری وەک ماڵی ئێمە لەهەولێر بەکڵاودروەتی وموساعەدەی مەلا ئەفەندی بەرێوە دەچوو. لەگەڵ ئەمەشدا عیزەتی نەفسی عائیلەوی وخۆبەکەم دانانمان هەر موحافەزەکردووە...من لەسەر ئەو قەناعەتە پەروەردەکراوم.)) (ل١٦). ناجێگیری وناسەقامگیری وشڵەژاوی وباری دەروونی وخراپی باری

ئابوری خانەوادەکەیان دەخاتەڕوو، ئافرەتەکانیش کاریان کردووە "لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر خاڵێک بکرێت، ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەت بووایەو ئەو بزوتنەوە ڕووناکبیریەی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەکورستاندا، هاتەکایەوە لەوانەیە ئەم شێوازی دەستی کارە کاریگەری هەبووایە لەچەکەرەکردنی چینی ناوەند و پێشکەوتنی کلتوری کۆمەڵایەتی،،بەڵام خلیسکانی چینی ڕۆشنبیران بۆ نێو زەلکاوی سیاسیەتی کرچ وکاڵ، کەش وهەوای کۆمەڵایەتیشی بەر لەگەشەکردنی فەوتاند". ئەمەش سەرەداوێکی تر دەخاتە دەستی نووسەرەوە، کەوا هەر کەسێک دەبێت لەڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکانی ژیاندا پشت بەخۆی ببەستێت، نەک وێنەی کەسێکی یۆتۆپی مامەڵەبکات وخۆی بخواتەوە، بەڵکو دەبێت وەکو دایکی بێت کەدەڵێت: ((دایکم نەیهێشتووە کەبچمە کۆڵان لەگەڵ منداڵن یاری بکەم بۆ ئەوەی کە لەماڵەوە عاجز نەبم دایکم ئافرەتێکی بەخێودەکرد دوو کوڕی پارچەلەی هەبوو.))(ل١٧).

ئەمە ڕەسەنایەتی و رۆڵی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خانەوادە دەخاتەڕوو تاچەند خانمێکی وشیار بووە لەپەروەردەکردنی تایبەتی دڵداردا بۆ ئەوەی هەست بەکەموکوڕی نەکات، چونکە هەر کەسێک ئەگەر بێتو سەرجەم بوارەکانی ئابوری، رۆشنبیری و سیاسی...هتد ژیانی بۆ دابینبکرێت، ئەگەر لایەنی کۆمەڵایەتی ساغ ودروست نەبێت ئەوا کەسێکی ناساغی لێ دەردەچێت، چونکە لایەنی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی گۆیەک سەرجەم تەوەرەکانی بەدەوردا دەسوڕێتەوە، کەواتە خێزان (یەکەمین دەزگای کۆمەڵایەتیە کەهەڵدەستێ بەپرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵێکی گەورەشی تێدادەبینێ...فرۆید پێوابوو پێگەیاندن لەقۆناغی هەرزەکاری دێتە تەواوبوون، جا چ سەرکەوتووبێت لەخۆ گونجاندنی وەک تاک لەگەڵ کۆمەڵگا، چ تواناى گونجانی نەبێت وبەرەو لادان مل بنێ،)(فوئاد سدیق:٢٠١٥: ٤٢)، دەکرێ بڵێین دڵدار لەچوارچێوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا لەژینگەیەکی تایبەت بەهەموو خۆشی وناخۆشیەکانیەوە گەشەیکردووەو ئەو تایبەتمەندی خانەوادە بنچینەییە یارمەتیدەری بووە بۆ ناسینی خۆی ودەوروبەری لەنێوان ئەرک ومافدا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە دڵدار لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیی خانەوادەیی زۆر بەهێزبووە، لەوانە دایکی هەر وەک ئاماژەمان پێکرد هەروەها کاک سەعدی برا گەورەیی وئاسەف و زەینەب خانی خوشکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ڕێگری نەکردووە لەوەی ڕەخنەیان لێبگرێت، جگە لەوەی یەکلابێتەوە لەزۆر دیاردەو خەسڵەتی تاکەکاندا لەوانە:

کاتێ خانەوادەکەی دڵدار هەست بەلێهاتوویی بەتوانایی دڵدار دەکەن ونایانەوێت ئەو توانایەی بفەوتێت، بۆیە کاک سەعدی برا گەورەی داوا لەباوکی دەکات لەگەڵ خۆی بیباتەوە هەولێرو لەوێ درێژە بەخوێندنی بدات ئەگینا مانەوەی لەڕانیە دەیفەوتێنێت. بۆیە کەدەچێتە ماڵی کاکی زۆر ڕاشکاوانە باس لەحاڵی نەگونجان وناجێگیری دەروونی خۆی دەکات، کەدەڵێت: ((ئەکەر لەهەولێر لەلایەن هیچ شتێکەوە نوقسانیم نەبوو.. بەڵکو وەکو مەلێکی کەفیری دەشت بووبێ لەناو قەفەس دابنرێ بەم جۆرە دڵم لێی ئەگوشرا خاسەتەن قیرە قیری براژنم کەجاران خاڵۆژنم بوو.))(ل٢٤)، لەبەر ئەوەی دڵدار لەماڵێکی ئارامەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژینگەیەکی پڕ لەگلەیی وتوڕەیی ورەتکردنەوە کەسیفەتی براژنی بووەو کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر نیگەرانی وبێزاری دڵدار، چونکە لەچەند گێڕانەوەیەکی تردا ئاماژەی پێکردووە لەوانە، کەدەڵێت: ((لەسەر هەموو شتێک شەڕێکی دەکرد من

رقم لەماڵەکە ئەبۆوە، یەکەم ئیشتیاقی رانیە دووەم بێزاریم لەهەولێر.))(ل٢٤). کەواتە ڕق وشەڕ وتوڕەیی لەبەرانبەر ئارامی ونەرمی دایکی تەنگی پێهەڵچنیوە.

سەبارەت بەگلەیش کاتێک ماڵی کاکی ماڵیان دەگوازنەوە بۆ خانوویەکی کۆنە دەڵێت: (( خانوەکە زیکرەیاتی کۆنی براژانمی هێنابووە جۆشش ودەمو سەعات بەدەم شەڕەوە باسی خۆشی خانوی خۆیانی دەکرد منەتێکی دوور ودرێژی بەسەر خوادا دەکرد بەم حاڵە رازبە.))(ل٢٩). ئەو گلەییانە وایکردبوو مشتومڕیشی لێبکەویتەوە لەنێوان برا وبراژنی کەبەیانییەک لە دەنگە دەنگی ئەوان خەبەری دەبێتەوەو دواتر کەلەنامەیەک ڕوودەوەکە بۆ باوکی دەگێڕێتەوەو باوکی توانج لەکاکی دەدات، بۆیە کاکی زۆر تۆرە دەبێت و((زللەیەکی لەبنا گوێ دام وسوێندیشی خوارد کە لەنێو پاش بەزللە قسە لەگەڵ هەموو کەسێک بکات براژنم ووتی: لەگەڵ منیش؟ ووتی کێ لەگەڵ تۆیەتی!!))(ل٣٢). بەڵام کاتێک کاکی ئیجازەی پارێزەری بەدەست دێنێت داوا لەخێزانەکەی دەکات کەوا چیتر نابێت کاری بەرگدووریی بکات، دڵدار دەڵێت: ((شەڕێکی زۆر گەورە لەبەینی ئەم و ژنەکەی قەوما، شەرەکەش لەسەر ئەمەبوو کە نابێ براژنم خەیاتی بکات ئەویش رازی نەدەبوو، ئاخیری موەفەق بوو بەشەرو قیرە قیر پێی سەلماند، ئەمە وابزانم یەکەم"ئینتیسار" بوو کە لەحەیاتی ژن ومێردایەتی ئەودا رووی دابوو.))(ل٣٣). کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم سەرنج و ڕامانە وردیلانە کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی دڵدار هەبوو کەوا ژیان لەنێوان دەسەڵات ودزێویی لەهەڵکشان وداکشان، ئارامی وناجێگیری دایە، جگە لەوەی دەبێ نهێنی پارێز بێت و هەروەها هاوتەریبی سەرپەرشتیکردن دەسەڵات لەدەستی کەسە دەسەڵاتدارە هەڵچووەکان چۆنە؟ کەدەبن بەخاوەن دەسەڵاتێکی ئیداری.

سەبارەت بەکاک ئاسەفیش، لەو کاتەی بەسەرداندا دەچێتە ماڵی ئەوان لەمەخمور، ئاسەف لەگەڵ خۆی دەیباتە شوێنی کارەکەی وفێری تایپکردن دەبێت ونامەیەک بۆ باوکی بەتایپ دەنووسێت. ئاسەفیش بڕیاردەدات کەوا دیارییەکی پێببەخشێت لەبەر لێهاتوویەکەی، کەدەڵێت: ((ئاسەف سەعاتێکی زێرو  لیرەیێکی" موکافاتی" دامێ، بەڵام لەپاش دوو ڕۆژ سعاتەکەی لێ سەندمەوە بەحوجەتی ئەمەی یەکێکی چاترم بۆ لەموسڵ جەلب دەکا وە لیرەکەشم لای براژنم دانا کە گەرامەوە هەولێر بمداتەوە، بەڵام کە گەرامەوە هەولێر نەسەعاتم پێ بوو نەلیرە.. سەعات هێشتا نەگەیشتبووە جێ لیرەش بەقەرز خەرج کرابوو.))(ل٢٥)، کەدەڵێت لێسەندمەوە" سەندنەوە واتە دەسەڵات، چونکە ناڵێت لێوەرگرتمەوە"، واتا پاشگەزبوونەوە لەبڕیارەکەی، ئەمە یەکلایدەکاتەوە کەسەکان لەبڕیاردان جیاوازن لەنێوان پابەندبوون ونەبوونی جێگیرییان، بەو واتایەی (هەڵچوون ئاراستەکەری ژیانی ڕۆژانەی زۆرینەی مرۆڤەکانە، تا ئەو ڕادەیەی بیرو بۆچوون وباوەڕیان لەسەر بنەمای هەڵچوون بنیاتنراوە، کەمینەیەکی کەم عەقڵ ڕابەر ورێ نیشاندەریانە.)(د.علی الامیر:٢٠٠٢: ١٩٩).

لەگەڵ ئەوەشدا دڵدار ئاماژەی بەمامەڵەی براکانی لەئاست مامەڵیان لەئاستیدا کردووە، کاتێک کە لەماڵەوە" ماڵی کاکە سەعدی" کەلە چۆنیەتی بازاڕکردنی ڕازینین و کاکی لێ ئاگاداردەکەنەوە، کەوا لەقسەیان دەردەچێت و دەڵێت: ((کاکەم سەعدی بەشکایەتی ئەوان وەک بورکانێک بەسەر سەری مندا ئەتەقی بەڵام زۆر جاران ئاسەف موحافەزەی دەکردم و بەنەرمی دلی ئەدامەوە کە کاکە سەعدی برا گەورەیە نابێ لەقسەکانی عاجزبم...ئەم لەئاسەف چاکتر سەیری نەواقیسی دەکردم، بەڵام من لەدڵدا ئاسەفم لەئەو زیاتر خۆش دەویست وزیاتر مەیلی ئاسەف بووم.))(ل٣٢). جارێکی تر جەخت لەسەر گرنگی وتایبەتمەندی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەکەینەوە لەڕووی گرنگی

وتایبەتمەندییەوە (پشت بەفێرکردن وتێگەیاندن ولاساییکردنەوە دەبەستێت ویەکیان دەخات لەگەڵ شێوەکانی ئەقڵ وئاکار وسۆز لای منداڵ ومێردمنداڵ، ئەم پرۆسەیە ئامانجی تێکەڵبوونی رەگەزەکانی روشنبیرییە لەیەکبوونی" نەسق" کەسایەتی، کەپرۆسەیەکی بەردەوامەو کۆتایی نایە.)(فوئاد سدیق:٢٠١٥: ٤٦).

دەربارەی زەینەب خانی خوشکی، کاریگەرییەکی بەتینی لەژیانی دڵداردا هەبووە، کەواتە (پەیوەندییەکی توندوتۆڵ اەنێوانیان هەبووە، کاتێ لاویەتی کە لەهەولێر بووە زۆرینەی کاتەکانی لەماڵی ئەوان بەسەر بردووەو بیرو بۆچوونیان سەبارەت بەئەدەب و بواری زانستیش گۆڕیوەتەوە، چونکە زەینەب خان لەشیعرەکانیدا ئاماژەی بەبابەتی زانستی کەونی و کێشکردن ومادە کردووە.)(حکمت حمید: چاوپێکەوتن:٢٠١٧).

زەینەب خان دڵداری زۆر خۆشویستوە، پۆپەی هەستیشی لەو شیعرەی کە لەدوایی کۆچی دوایی دڵدار نووسیویەتی، ئازار و کۆستلێکەوتوویی و دابڕانی ئەوی خستۆتە ڕوو، لە (شیوەنی دڵداردا دەڵێت:

شەهسواری عەرشی کوردو یونسی دڵدارم ڕۆ
قەڵەمی عیلم و ئەدەب وشکۆفەی بەهارم ڕۆ
سورەتی قەومی خۆی کێشا بۆ ئەجیالی پاشی خۆی
دڵ بەڕەحم ومیهرەبان و سوارچاکی نازدارم ڕۆ
لەحەسرەتی جەهالەت ولەقەهری بێ دەوڵەتی کورد
سەحەت وڕۆحی خۆی دانا یونسی گوڵعوزارم ڕۆ
فەخرە بۆ ئەو غەرقی حوببی نیشتمانی خۆی ببوو
حب الوطن من الایمان مەقامی پایەدارم ڕۆ
پێم مەڵێن (زەینەب) ناشکورەو شینی دڵدار بۆ دەکا
ڕەسمی ئیخلاسی دەکێشم برای تاقە سوارم ڕۆ
جەرگ وقەلبی کون کون کردم جەفای تیری هیجرانی ئەو
هەر بەقسەو گوفتار خۆشە بڵێم خەونی هەزارم ڕۆ.)(حکمت حمید: چاوپێکەوتن:٢٠١٧).

زەینەب خان لەم دەقەدا زۆر بەووردی کەسایەتی دڵدارمان بۆ دەخاتەڕوو لەڕووی پیشەوایەتی، لاو ورۆشنبیر، دارێژەر و پلاندانەر، سەربەرز و خاکەڕا" متواضع"، نیشتمانپەروەرو کەسایەتیەکی تێگەیشتوو، دواتر باس لەوە دەکات کەس گلەیی و لۆمەی لینەکات لەبەر ئەوەی ئەم هاوڕێ و برایەکی گەنج و سوارچاکی فیکری لەدەستداوە.

کەواتە دڵدار لەنێو ژینگەیەکی تێرو دەوڵەمەند لەخۆشەویستی ورۆشنبیری و بزێو لەزەین گەشەی کردووەو پێگەیووە، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی بەدوایی بژاردەی سێیەم بگەڕێت.

- نیشتمانی و سیاسی. کەشی پەیوەندی خانەوادەی دڵدار کاریگەری هەبووە لەچۆنیەتی ئاراستەو پاڵنەری سیاسی

ونيشتمانى، چونكه (ماڵى دڵدار مەركەزێكى ڕۆشنبيرى زۆر موهيم بووە، ناوەندێكى كۆكەرەوە بووە لەنێوان كۆيەو هەولێر وسليمانى...خانەوادەيان پەيوەندى لەگەڵ بابان وسوڵتان عبدالحميدو هەروەها پەيوەندى بەهێزيان لەگەڵ پيرەمێرد و بێكەس وگۆراندا هەبووە، ئەو جارانەى پيرەمێرد هاتۆتە كۆيە لەماڵى ئەواندا ميواندارى ليكراوە.)(حكمت حميد: چاوپێكەوتن:٢٠١٧). كەواتە دڵدار لەنێو خانەوادەيەكى بەهەڵويست چاوى هەڵێناوەو پشكوتووە، كەدەڵێت: ((وولاَتى ئێمە بەهودنە ئيحتيلال كرا، مەئمورينى ئەوێ قبوڵى حوكمى ئينگليزيان كرد، مايەوە ئەوەى قبول نەكرد پەراگەندە بوو، ئێمە يەک لەو پەراگەندانە بووين باوكم بەتەنها فيرارى كردبوو لەرانيە نەمابوو.))(ل١٤)، باوكى دڵدار هاو هەڵويستى عوسمانييەكان بووە ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونە يەک ناگرێتەوە، كەدەڵێت: (دڵدار هەر لەمنداڵيەوە لەباروودۆخێكى ناجێگيردا ژياوە، چونكە باوكى فەرمانبەرێكى ميرى سەردەمى عوسمانى بووە، بۆ دەست خستنى ژيان وگوزەران بەناچارى دواى كارەكەى كەوتووە.)(هێرۆ عبداللطيف: ٢٠٠٨: ١٥)، گوايە باوكى دڵدار لەگەڵ قائمقامى كۆيە دەمە قاڵيان بووەو لەسەر بابەتێک تێک نەگەيشتوون، بۆيە دووررخراوەتەوە، بەلاَم وەكو لەسەرەوە ئاماژەمان پێكرد لەسەر هەڵوێست بووە، چونكە دڵدار لەدرێژەى گێڕانەوەكەيدا دەڵێت: ((باوكم واى چووبووە عەقڵەوە كە مادامەكى حكومەتى ئيحتيلال متەوەققى سەر" ئيستقتايە" هەر حكومەتى عوسمانى دێتەوە...بەلاَم لەلايەكى تريشەوە حيسى ئەمەى ئەكرد كە ئەگەر لەكۆيە بێ تووشى زەرەر ئەبێ لەبەر ئەمە لەپێش گەڕانەوەى ماڵى ئێمە بۆ كۆيە ئەو چوو بووە هەولێر.))(ل١٤)، كەواتە ئەمە نەک هەڵويست، لايەنگيرييە چونكە ئەوان يەكلان لەو فەلسەفەى باوەڕيان پێ هەيە.

كەواتە هاوتەريبى لايەنى كۆمەلاَيەتى لەم بواريشدا بنەما وبنەچە هەن كەوا كاريگەرى نەستييان لەدڵداردا هەبووە، لەوانە ئاسەفى براى كەباسى كوردايەتى وكوردبوونى بۆ دەكات و وەكو خۆى دەڵێت هەرچەندە تێ نەگەيشتووە لەوەى دەيڵێن، دەڵێت : ((من يونسەكەى جاران نيم من...نيم كوردم،وە وام حەزدەكرد كەباز بدەم و بەكۆلاَناندا راكەم وهاوار بكەم:"من كوردم، من كوردم" ئەم ئينقيلابە غرورێک وغبرەتێكى دامێ كەنازانم وەسفى بكەم.))(ل٢٦)، ياخود كاتێک سەعدى جەلالى هاوڕێ ئاسەفى براى لەباسى كوردايەتيەوە پرسيار لەدڵدار دەكات سەبارەت بەكوردبوونيەتى، ئەويش لەوەلاَمدا دەڵێت ئاسەف شايەتمە، ئيتر سەعدى جەلال زاراوەى (بەچە شێرى) فێردەكات، لەم بارەيەوە دڵدار دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ((ووتى گوێگرە هەموو رۆژێ لەمەكتەب لەگەڵ برادەرەكانت يەكتر بگرن بەخۆتان بڵێن" بەچە شێر" وە ئەوەى ووتى من كورد نيم ليێ بدەن، ووتم باشە.))(ل٣٣)، ئەمە وا لەدڵدار دەكات بۆ رۆژى دواتر لەقوتابخانە بيرۆكەى بەچە شێربەنێو هاوەڵەكانى بلاَوبكاتەوەو زۆريان لاخۆش بێت، كەدەڵێت: (( گەراين سێ چوار كەسى تريشمان بەزەبرى مشتەكۆلەو دەنكە قەزوان كردە" بەچە شێر" هەفتەيێكى پێ نەچوو كە مەكتەب زۆرترينى ببوونە بەچە شێر.))(ل٣٣)، ئەم ڕووداوە بووە هۆى هێنانە كايەى توندوتيژى وسوكايەتى رەگەزى لەنێوان قوتابييان بۆيە بەڕێوەبەرى قوتابخانە كۆتايى بەم ململانێيە دەهێنێت تاوەكو ڕووبەڕووبوونەوەى توندى لەنێوان قوتابييەكان لێ نەكەوێتەوە دڵدار دەڵێت: (( ئەم مناوەريەى سەعدى جەلال بەم دوو كەليمە قسە نيهايەتى هات بەلاَم پاشى شەش ساڵ تەئسيرى خۆى بەخشى.))(ل٣٤)، مەبەستى دڵدار لەو كاتەيە كە پۆلى سێيەمى ناوەندين و لەو ساڵەدا ليژنەى وتار لەقوتابخانە پێكدەهێنرێت بەمەبەستى

بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابییان لەزمانی عەرەبی، بەڵام ململانێ لێدەکەویتەوە، کە لە لێکدانەوەی تایبەتمەندی دڵدار لەلاپەڕەکانی پێشوو ئاماژەمان پێکردووە.

ئەوەی مەبەستمانە لەڕووی کەسایەتیەوە ئاماژەی پێبکەین دڵدار لەگەڵ ئەوەی لەمنداڵیەوە فشاری کوردایەتی وکوردبوونی لەسەربووە "مەبەستمان ئەوەیە لەتەمەنێک خزێنراوەتە نێو ئەم جیهانەوە کەتەمەنی ئەو نەبووە" لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ جۆرێک نەبۆتە هۆی ئەوەی خۆبەگەورە زانینی هەبوو‌بێت کەباسی غروری کردووە یان ببێتە شوێنکەوتە یاخود کەسایەتیەکی هەواڵی یان ڕووبەڕووی زێدەڕووی یان توندوتیژی ببێتەوە. کەواتە تایبەتمەندی دڵدار لێرەدا ڕووندەبێتەوە لەگەڵ ئەو بابەتانەی پێسپێردراوە وەکو ئاماژەمان پێکرد بەرەو زێدەڕۆیی و ڕەهایی نەخلیسکاوە، بەڵکو بەرەو ڕێژەیی و وردەکاری و ڕامانی بردووە، چونکە دڵدار لەڕووی هەستی نیشتمانی بژاردەی ڕەهای پێدراوە بەتایبەتیش کاتێک ئاسەفی برای لەو تەمەنە بچکۆلانەی لەگەڵ یەکێک لەهاوڕێیەکانی بۆ کردەیەکی نهێنی دەنێرێت تاوەکو ڕاسپاردەیەک بگەیەنێتە ماڵی ئەفسەری ئیستخباراتی ئینگلیزو لەکارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت دڵدار دەڵێت: ((کە هاتمەوە ئاسەف دانیشتبوو ئینتیزاری ئەکردم...وتی ماندونەبی، ووتم دەستت ماچ دەکەم ئیتر هەنارێکی دامێ و ووتی ئەمەی ئیمشەو بەکەس نەڵێیت: ووتم باشە.))(ل٣٤-٣٥)، ئەمە وایکرد زیاتر لەڕازی پاراستنی نهێنی تێبگات.

ئەم هۆکارو شێوازە هاندەر ورێگە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی لەقۆناغی دواناوەندی بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراو بدات و لەدوایشدا بەرەو بیرۆکەی حیزبی ببات، بەڵام لەبەر تەمەن بچووکی پەنا بۆ ڕەفیق حیلمی ببات" چونکە دەزانێت کە (پیاوێکی پاک بوو، خوێندەواربوو، ڕەشیدبوو، کەسێکی بەوەفاو بەحقوق بوو)(وریا ئەحمەد:٢٠٠٧: ١٧٦) بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی حیزب چونکە ئەم لەبەر تەمەن بچووکی ناکرێت ئەم پۆستە وەربگرێت. کەواتە دەکرێ بڵێین دڵدار خاوەن کەسایەتیەکی ساغ ودروست بووەو سوودی لەهەموو دیاردەو بەسەرهاتی ئەرێنی ونەرێنی وەرگرتوە بۆ بنیاتی کەسایەتی وخۆیەتی خۆی، سەبارەت بە پێکهاتەی کەسایەتی ساغ (لاندزمان) پشتی بەدوو جۆر شارەزایی بەستۆتەوە لەوانە (شارەزایی ئەرێنی: ئەو شارەزایانەی کەواتای خۆشی وگەرمووگوڕی وگونجان... دەگرێتەوە، شارەزایی نەرێنیش کە سەرزەنشتکردن پاپەوکردنی خودی لێدێتەکایەوە، یاخود باشتر لەخۆی تێبگات.)(سدنی م، تید لاندزمن: ١٩٨٨: ٧٧).

- بواری ڕۆشنبیری. دڵدار جگەلەوەی کەسایەتیەکی دیاری سەردەمەکەی خۆی بووە، بەڵام توانی پەنجە مۆری خۆی

لەئەی ڕەقیبەوە بەمیرات بۆ نەوەکانی دوایی خۆی جێ بهێڵێت. ڕۆشنبیری دڵدار هەروەکو خۆی باسی لێوەدەکات زیاتر بەرەو لایەنی کۆمەڵایەتی ونیشتمانی خزاوە، لەو بارەیەوە دڵدار دەڵێت: ((ئایا بۆچی قەسیدەیەکم لەسە تیلابی چاوی کچێکی جوان دانەنا؟ ئایا ئیحساسم نەبوو؟ یان گەنج نەبووم..؟ بەڵی هەم ئیحساس وهەم گەنجایەتیم هەبوو، بەڵام موتالەعاتی تەئریخم وموحیتە ئاگرینەکەم ونەفسیەتی بۆ خزمەت تێنوم ئەمانە هەرسێکیان منیان بەلای "حاجی" دادا.))(ل٥٥)، لێرەدا گرنگی زانستی مێژوومان بۆ ڕووندەبێتەوە چەندە گرنگە ورۆڵی هەیە لەپەروەردەکردنی تاک و ڕاهێنانی لەسەر شیکردنەوەو لێکدانەوەو سوود وەرگرتن لەئەزموونەکانی. بۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرسامە بەجاهید" کەهاوڕی چایخانەی بووە"، کەدەڵێت: ((زۆرم حەز دەکرد سعاتەها لەگەڵ جاهید پێکەو

دابنیشین باس لەشیعر وئەدەبیات بکەین.))(ل٤٩)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی جاهید کەسێکی دنیایەی ویست و حەزی بەلەزەت وسەفاهەتبوو، کەچی ئەو دیاردانە هیچ کاریگەری لەسەر دڵدار ناکات، بەڵکو دەڵێت: ((زۆر جاران نەسیحەتم ئەکرد کەجەوهەری ئەدەبی خۆی بەم سەفاهەتە نەکوژێیتەوە، ئەدەب بەبێ سەقافەت چ قیمەتی نیە، رووبداتە خوێندن.))(ل٤٩)، بۆیە دڵدار لەو کفتوگۆ و کۆڕی دانشتنانەی لەگەڵ هاوڕێیەکانی بۆی ڕووندەبێتەوە کەوا ((خوێندنی مەکتەب و دەرسەکانی زانینەکەی لەوانە نیە موجادەلەیێکی پێ بەریەوە لەبەر ئەمە زۆر بەحەماسەتەوە لەکتێبخانەی کاکەم سەعدی دەستم پێ کردکە موتالەعات بکەم.))(ل٥٠) ڕوودەکاتە خوێندنەوەی مێژوو لەوانە" شۆڕشی فەرەنسا، یۆنان، دواتر سێ بەرگی مێژووی ئیستقبالی جەلال نوری، مێژووی کورد وکوردستانی ئەمین زەکی، مێژووی بابان - سۆران - موکریانی حوزنی موکریانی خوێندەوە، کەدەڵێت: ((ئەمانە هەمووی دروشمی رابردوویان هێنامە بەرچاو، لەگەڵ خۆم زۆر موجادەلەم ئەکرد، مام بەرەبەرە مێشکم بکەمەو، تەقدیری تەئریخ وتەنفیذی بکەم.)) (ل٥٠) کەواتە ئەمە دەروازەیەکی نوێیی لەبەردەم دڵدار کردۆتەوە، لەوەی شارەزایی مێژووی وڵاتەکان ببێت، کە خاوەن سەروەری دەوڵەتن بەبەراورد بەمێژووی گەلەکان کەخاوەنی سەروەری دەوڵەت نین پەیدا بکات، وە دەبێت چۆن مامەڵەبکەن، کەواتە تایبەتمەندی ئەو لەوە دایە نەیخوێندۆتەوە تەنیا لەپێناوی خوێندنەوەو وەکو خۆی دەڵێت، بەڵکو لەپێناوی شەن وکەوی کردن ولێکدانەوەو مۆرکی ڕاستی بابەت وشتەکان بووە،

بۆیە کاتێک" تەئریخی کفاحی پۆلۆنیا" لەسەید عەزیزی هاوڕێ وەردەگرێت" ئیدیعای فیکری شۆڕشگێری دەکات" . دڵدار لەخوێندنەوەی ئەو کتێبەوە بەراوردی کێشەی پۆلۆنیا و کێشەی کورد کردووە، تا چ ڕادەیەک لەیەکتری نزیکن، هەروەها لەکتێبی" بلچ شێرکۆ" بەکارەساتی کوردان لەدەستی تورکەکان ئاشنادەبێت، بەڵام ئەوەی سەرنجی دڵداری ڕاکێشاوە لەسەید فەتاح، کەدەڵێت: ((دیعایەی چەشنێک وتەکلیفی چەشنێکیتر بوو، دیعایەتی سەوری دەکردو تەکلیفی جەمعیاتی تەعاونی وئیقتیسادی دەهێنایە بەرو هەردووکی بەبۆیاغێکی حەماسەت بۆ بۆیاغ دەکردم ئەمانە سەریان لێشێواندم لەپێش ئەمەی کەبۆم ساغ بێتەوە مرازی چیە وەیا بەراستی بۆ چ چەشنە ئیشێک ئامادەیە.))(ل٥٦)، لێرەدا وردی دڵدارمان بۆ ڕووندەبێتەوە چەند بەسەلیقەو وردەکاری وشیکارییەوە لەدەربڕینەکان دەڕوانێت بۆ ئەوەی بزانێت بەرانبەرەکەی چی مەبەستە، بەو واتایەی دەکرێ بڵێین هەڵچوونی هەندێ کەس هاوشێوەی (ئاژەڵی کێوییە، حەز لەدیارییکردن ناکات وئەگەر بخرێتە قەفەسی بەندە کۆمەڵایەتیەکانەوە توڕەدەبێت، پرۆسەی ماڵیکردن وراهێنان کارێکی سانا نابێت بەڵکو پێویستی بەچاودێری دەبێت. بەهیوای زاڵبوون بەسەری کەوا تایبەتمەندی مرۆڤایەتی وەربگرێت وانیشاند بدات کەوا ماڵیبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زوو بەبێ هیچ پاساو بەربەستێک بە شێوەیەکی ناسروشتی هەڵبگەڕێتەوەو بگۆڕێت، ئەگەر خاوەنەکەی عەقڵ ومەنتیقی جڵەو نەکات. چونکە کەمتەرخەمی وپشتگوێی خستن لەتوندوتوڵی جڵەو دەبێتە هۆکاری هاتنەکایەی پەشێوی.)(د.علی الامیر:٢٠٠٢: ١٩٩)، کەواتە دڵدار زۆر بەئاگاو وریابووە لەهەڵسوکەوت وهەڵوێستی کەسەکانی دەوروبەریدا.

**کەسایەتی دڵدار لەدیدی کەسایەتی و نووسەرانەوە.**

باس ووەسف وشیکاری کەسایەتی لەدیدی کەسێک تا کەسێکی تر جیاوازە، جگە لەوەی ئەمانەتێکەو ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەو کارە لەچ ڕوانگەیەکەوە باسی لێوەدەکات، چونکە وەکو لەو پارانەی پێشوو ئاماژەمان پێکردەوە کەوا ڕەهەندی کەسایەتی زۆر فراوانەو لەچ لایەنێکەوە توێژەر یاقسەکەر باس وخواسی لێدەکات، بەڵام مسعود محمد زۆر وردبینانە وەسفی دڵدارمان بۆ دەکات، کەدەڵێت: ((هەر کەسە گوێز لەهەمبانەی خۆیدا دەژمێری، منیش دەمەوێ گوێزی دڵدار بەوەکالەتی ئەو، لەهەنبانەی خۆیدا بژمێرم نەک لەخەرمانی تێکڕای گوێزی عالەم...من لەوەزعی دڵدارا بوومایە خوێندم بۆ تەواو دەکرا؟ تەنگانەی دەستکورتی ولەمپەری زمان.))(ل٧٠)، خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوەو دەڵێ نەخێر کەواتە دڵدار کەسێکی پڕ لەئومێد وخۆزگەو باوەڕ بەخۆبووە هەروەک لەلێکدانەوەی کەسایەتی ئاماژەمان پێکردووە.

بەم جۆرە کاک مسعود دێتە سەر باس و وەسفی دڵدار ودەڵێت: ((دڵدار قوتابیەکی دڵ زیندووی هۆشیاری مێشک کراوەبوو. ڕەنگە گومان لەوەدا نەبێ کەلەمپەری"لاڵی" لەبەرایی ئاخاوتنیدا، وەک بناوانێکی پەنگاو بەئاو بداتەوە، هەموو گوتە نەبێژراوەکانی وبیروباوەڕە ئاشکراو نەکراوەکانی وهەست وسرکەو کورکە خەفەبووەکانی دابێتەوە دەروونی ولەناخی گیانی وهۆشی ونی دا بووبێتەوە...لەو بارانەی کەهێزی خەفەکراوی ئاخاوتنی ڕەهادەبوو تۆڵەی ئەو جارانەشی بۆ دەستانهدەوە کە بەزەحمەت ماملەتی پاکەتە جگەرەیەکی تێداکردووە.))(ل٦٢)، کەواتە لەیەکەمین دیدارەوە لای یەقین دەبێت کەوا گەنجێکی وشیارەو خاوەن کەسایەتی خۆیەتی.

سەبارەت بەپەیوەندی هاوڕێیەتی ونزیکبوونەوەیان لەپۆلی دووەمی کۆلێژەوە بووەو دەڵێت: ((هەندێ خەسڵەتی دڵدارم لەو ساڵەدا بۆ ڕوون بۆوە، تێ گەیشتم دڵدار گەنجێکی ئازایە.))(ل٦٣)، لەنەرانبەر هەژاری وگرفتی نەخۆشیە زمانییەکەی. کەواتە ئازایەتی دڵدار وەکو ئاماژەمان پێکردووە کەوا پاڵنەری تەحەکوم وخۆزەبتکردنی چون دەستەبەرکردووەو نەیتوانیوە دەستی بەسەردا بگرێت، بۆیە دەکرێ بڵێین (ئەو نێوەندەی کەتاک تیایداپێدەگات ولەگەڵی تێکەڵ دەبێت وتیایدا دەجوڵێتەوە، چەندین بژاردەی دەخاتە بەردەم تاکو لەگەڵی بگونجێت. ئەم بژاردە وپێداویستیە لاوەکیانە بەوە جیادەکرێنەوە کەپاڵنەری ئاڵۆزن، ڕازی ئەو ئاڵۆزیەش لەوەدایە کەوا لەباروودۆخی جیا جیای تاک دێتەکایەوە، هەروەها ژینگەو دەوروبەر، کە داب ونەریت وبیرو بۆچوون ویاسا بەسەری زاڵ دەبن، بەپێچەوانەی نێوەندە بنەڕەتیەکان لەسروشتی پێکهاتەیان سادەن.)(د.مصطفی فهمی:بدون سنه الطبع: ١٣١)، بۆیە زۆر ئاسایی بوو قسە بەخۆی وهاوڕێیە زمانگیرەکانی هاوشێوەی خۆی بڵێت، کاک مسعود لەو بارەیەوە دەڵێت: ((جارێکیان برادەرێکی هەردووکمان کە ئەویش لاڵ بوو پێمان گەیشت وڕووی لەدڵدار کرد گوتی" ها..لاڵە پەتە..." دڵدار قسەکەی لێ قۆستەوەو گوتی" ها...قەل بە فەل دەڵێ ڕووت ڕەش بێ...))(ل٦٤)، ئەمە ئازایی کەسە باوەڕ بەخۆبووەکان دەسەلمێنێت کەهیچ لەمپەرێک نابێتە بەربەست، تەنیا مرۆڤ خۆی دەیهێنێتەکایەوە. بۆیە کاک مسعود درێژە بەقسەکانی دەدات و

دەڵێت: ((بارەها لەگەڵ خۆمدا لێکدانەوەی ئەوەم کردووە ئایا ئەگەر من لەوەزعی دڵدار بوومایە خوێندنم بۆ  تەواودەکرا؟ تەنگانەی دەستکورتی ولەمپەری زمان...سەد جار نەخێر.))(ل٧٠).

هەژاری لای دڵدار زۆر ئاسایی بووە، چونکە ئەو زەینیەت ومەعریفەتەی هەیبووە، هەروەها پەروەردەی خانەوادەیی بەتایبەتی دایکی وفاتمە سیدی دایەنی کەلەسەری رایان هێنابوو، وایکردبوو لە ململانێکانی ژیان رابێت و بەسانایی ژیان بەرێتە سەرو خۆی بگونجێنێت. کاک مسعود دەڵێت: ((دڵدار لەئاست هەژاریدا دوو هەڵوەستی پێچەوانەی هەبوو...یەکیان ئەوەبوو کەوا نەک هەر شەرمی لێ نەدەهاتەوە بگرە گاڵتەشی پێدەکرد وەک گاڵتەی بەسامانی سامانداریش دەکرد دووەمیان ئەوەبوو کە لەخۆوە دەستی بۆ کەس پان نەدەکردەوە تا ئەگەر لەبرسانیش مردبایە.))(ل٦٧)، لەوانە جارێکیان لەسەردەمی کۆلێژ دڵدار شەو رۆژێک لەوان دادەبڕێت بەهۆی کاری حیزبیەوە ((ئینجا کە رۆژی دوایی بەدەوری مێزی چێشتخانەوە کۆبووینەتەوە تێی گەیاندووین کە لەدوێنێوە هیچی نەخواردوە چونکە دوایین فلسی لەپێریوە خەرج کردووە، بەکەسیشی نەگوتوە برسیەو پارەشی پێ نییە. لەو بارانەدا گلەیی دونیاو قیامەتمان لێکرد...بەڵام هەرگیز نەمانهێنا سەر ئەو بارەی لەخۆوە ئیعلانی ئیفلاسیمان بۆبکات.))(ل٦٨).

سەبارەت بەهاوڕێیەتی، هاوڕێیەتی وهەڵسوکەوت وهەڵوێست ومامەڵەلەئاست هاوڕێدا بەهایە. جۆرە پیرۆزیی وتایبەتمەندیەکی ناوەزای هەبووە، چونکە ئەو ئەم پەیوەندییەی بە پەیوەندیکی گەردوونی داناوە تا ئەو رادەیەی ((هەستی ئامادەبوون بۆ خۆ لەبیرکردن لەپێناو برادەر هەمیشە دەیهێنا سەر ئەو باوەڕە کەڕەت کردنوەی یارمەتی برادەر دەکێشێتەوە بۆ گومان لەخۆکردن و بەخۆدا رانەپەڕمون لەمەیدانی تۆڵە بۆکردنەوەدا.))(ل٦٩-٧٠)، کەواتە هەستێکی مرۆڤخوازانەی هەبووە لەبەرانبەر ئەم چەمکەداو یارمەتیدانی هاوڕێیەکانی وەکو پێداویستیەکی سەرشانی خۆی سەیرکردووە، وەکو ئەوەی خۆی شتێک بۆ خۆی بکات. لەوانە جارێکیان لەگەڵ قوتابییەک کە تازە یەکتریان ناسیوەو لەتەنگانەدایەو داوای یارمەتی لەدڵدار کردبوو، دڵداریش پێ وتبوو ((زەحمەت نەبێ بچۆ ژوورەکەم وسەیری گیرفانەکانم بکە...چەندی هەیە دەتوانیت بیبەیت.))(ل٧٠)، بەتەنگەوەهاتن ویارمەتیدانی کەسەکان سیفەتێک وتایبەتمەندییکە دڵدار لەگەشت و شوێن گۆڕینی ماڵیان لەناوچەیەک تا ناوچەیەکی تر لێ راهاتووە، کەوا لەچۆنیەتی دەستگرتنی خەڵکی چۆن لەسەر بەخشندەیی رادێن، ئەمە سیفەتێکە لەکۆمەڵگا دواکەوتوو، و هەژارەکان زۆر کەم ودانسقەیە.

سەبارەت بەڕەتنەکردنەوەی بەرانبەر، دڵدار کاتێک یەکێک لەهاوڕێیەکانی قاپوتی برا جوانە مەرگەکەی بۆ دێنێت زۆر بەئاسایی وەریدەگرێت ولەبەری دەکات، دەکرێ بڵێین لەبەردووهۆیە؛ یەکەم: پێویستی پێبووە، دووەم: ڕەتنەکردنەوەی بەرانبەر لەبەر ئەوەی دوایی دوو ساڵ بەسەرکۆچی براکەی داویەتیە دڵدار، دەکرێ پاڵنەرێکی دەروونی وایکردووە ئەو هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بیدات بەئەو، چونکە ((بەلای ئەوەوە بوونی دۆستایەتی ونەبوونی منەتباری تەنها شتێکە لەو تەرزە بارەدا حیسابی بۆ بکرێ، راستیشی بۆ چووبوو هەرچەندە ڕەنگ بوو من هێندەی ئەو ئازا نەبم وشەرمی بێ جێ

وبێ لزوم بمگرێ.))(ل٦٩)، کەواتە وەکو ئاماژەمان پێکرد ژیان لای ئەو لەچەمکی دوو جەمسەری دەرچووەو لای ئەو چەمکی نێوانەیی لە نێوان ڕەش و سپی بوونێکی هەبووی هەیە.

دڵدار هاورێکانیشی ڕادەهێنێت چۆن لەکاتی تەنگانە خاوەن هەڵوێست بن. لەم بارەیەوە، کاتێک لەپۆلی چوارەمی کۆلیژدایەو کرێی خوێندنی نەداوە، کاک مسعود دەڵێت لێم پرسی: ((کاکە یونس ئەگەر من لەجێگەی تۆبامایەو تۆ لەجێگەی من چیت بۆ دەکردم؟ گوتی باخەڵبڕیشم بۆ کردبایت پارەکەم بۆ پەیدادەکردیت...گوتم ئێنجا بۆچی هێندە خۆت لەبرادەری خۆت پیاوتر دەزانیی؟ پارەکەم پەیدا کرد بزەیەکی هاتی...بەرێکەوت خاڵوانم هات...بەعادەتی خۆیان خەرجییەکی تێرو پڕیان دامیێ.))(ل٦٩). لێرەدا گرنگی ورۆڵی بەهامان بۆڕووندەبێتەوە لەوەی ( مرۆڤ لەماوەی گەشتی ژیانیدا بەهاکان بەدەست دەهێنێت، بەو واتایەی لەکاتی لەدایکبوونی خاوەن وهەڵگری هیچ بەهایەکی دیاریکراو نییە...بەڵکو ئەو یەکبوونە" نسق" لەرێی خانەوادە، دەزگاکان" ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری..هتد"، خوێندنەوە بەدەست دەهێنێت.)(د.عزیز داود:١٩٩٠: ٢٥٦)، دەکرێ بڵێین ئەگەر تاک نەتوانێت لەبەهای بەها تێبگات ئەوا بەرەو شڵەژاوی وپەرۆشی" غیرة" وخۆبەکەمزانین دەچێت، کەوا لەدیاردەی لەخۆڕازیبوون و لووتبەرزی دەیخاتەڕوو.

سەبارەت بە ڕێچکەی فەلسەفەی دڵدار دەڵێت: ((لەلایەنی فکرەو فەلسەفەی سەر بەکۆمەڵایەتییەوە، دڵدار، لەو ساڵانەدا بەلای تەقدیسی بێ مانەندەکانەوە دەچوو تائەوەی جارێکیان لەوتووێژدا پێمی گوت گەل وەکو ئەو ئۆتۆمۆبیلەیە کەبێ لێخوڕ نابزوێت لەوەرامدا پێم گوتەوە گەل ئەگەر کەسیشی سەرۆک نەبێت بەگوزەرانەوە هەر خەریک دەبێت...بەجۆرێک لەجۆران دەجولێت..ڕادەبوێرێت..زاوزێدەکات...لێمی نەسەلماندو هەر لەو قسانەدا چووە بۆ باوەڕی کارلایل.))(ل٦٧)، دەکرێ بڵێین بۆچوونی هەردووکیان ڕاست ودروستە سەبارەت بەمسعود محمد: ئەگەر گەل لەچوارچێوەی دەوڵەتدا بێت ئەوا دەوڵەت دەوڵەتی دەزگایەو دەزگا بەرێوەی دەبات، بەڵام لەچوارچێوەی قۆناغی پێش دەوڵەتداری گەل پێویستی بەسەرکردە هەیە، تاوەکو دەیگەیێنێتە قۆناغی دەوڵەتداری، چونکە وەکو خەمخۆر وبڕیاردەرێک دەتوانێت بیگەیێنێتە لێواری جێگیر و سەقامگیری.

سەبارەت بەبواری ڕۆشنبیری وڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵ ودەستە، دڵدار لەکاتی بۆنەی چلەی ماتەمینی مەلای گەورەی کۆیە لەیانەی سەرکەوتن لەبەغدا وتارێکی بۆ یادەکە نووسیوە، بەڵام کاتێک نورەی دێت بۆ پێشکەشکردنی وتارەکەی زمانی دەگیرێت کاک مسعود دەڵێت: ((لەسەرە خۆ کاغەزەکانی پێچایەوەو بەرەوانی و بێ گرفت عوزر خوازی لەخەڵقەکەکرد وگوتی نەخۆشی زمانیم هەیە وائێستا گرتمیەوەو لێ ناگەرێ گوتارەکەم بخوێنمەوە ببەخشن.))(ل٧١)، درێژە بەگێڕانەوەکە دەدات ودەڵێت: ((زاڵبوونی دڵدار لەو دەمەدا بەسەر شەرم وبەخۆدا شکانەوەی زمان نەگەڕانی دەمی...من لەجیاتی دڵدار موچرکێکم پێداهات.))(ل٧١)، چونکە دڵدار زۆر بەتوانا بوو لەوەی ڕاستەوخۆ قسە بو ئامادەبووان بکات بەڵام نووسینی وتارەکە وەکو کاک مسعود دەڵێت گەرووەیی باوکی ئەوانی لا مەبەستبووە وەکو کەسایەتیەکی کۆمەڵی کوردی وعێراقی.. کەواتە دەکرێ بڵێین خۆیەتی دانسقەیی

دڵدار لەم هەڵویستەو لەهەڵویستە ئاماژە بۆ کراوەکانی تردا ئەوە دەسەلمێنێت (هاوسەنگی سازانێک وڕاهاتنێک بهێنێتەکایەوە بۆ ڕێکخستنی ژیان وچارەسەری ململانێیەکانی لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ژیانی لەڕووی تێرکردن ونائومێدی وتێکشکان، تاگەیشتن بەو زاراوەی پێدەوترێت دروستی دەروونی، ساغی، ڕێکەوتن، بەیەکەوەبوون" گونجان" لەگەڵ خود وخانەوادەو ئەوانی تردا" ژینگەی دەوروبەر".)(د.عزیز حنا:١٩٩٠: ٢٧٤).

ماوە بڵێین دڵدار جگە لەو کۆمەڵە سیفەت وخەسڵەتانەی ئاماژەمان پێکردووە لەدیدی کەسایەتیەکانەوە، عبدالخالق علاءالدین لەبابەتی خوو ڕەوشتی دڵدارەوە دەڵێت: ((زمانی عەرەبی وتورکی وفارسی وئینگلیزی زۆر باش وکەمێکیش فەرەنسی زانیوە، لەنووسینی لاتینی شارەزابوە دڵدار جگەرەی زۆر دەکێشا،لەگەڵ خواردنەوەشدا مەگەر جاروبار دەنا ئاشنایەتی زۆر نەبووە... هەروەهائارەزووی نیشان شکێنی و ڕاووشکارو چوونە دەشت و دەرو سەیرانی هەبووە، لەهونەری وێنەکێشانیشا بەتوانابووەو حەزی پێ کردووە، ئاوازی گۆرانی فۆلکلۆری بەتایبەتی لاوک وحەیرانی زۆر پێ خۆش بووە..))(ل٨٢)، بەو واتایەی زانینی زمان "واتە کلتور وزەین" و خوێندنەوەی مێژوو کە لەسەرەتا ئاماژەمان پێکرد یارمەتیدەر بووە لەوەی شارەزایی بەربڵاو بەدەست بهێنێت لەئەزمونی گەلان، جگە لەوەی شیکەرەوەیەکی لێهاتووە بوو، شایەتی ئەمەش لەوە دایە کەوا ئارەزووی نیشان شکێنی و ڕاوی هەبووە، هەردوو ئارەزووش پێویستی بەمێشک ساردی وهێمنی و خۆڕاگری وتەرکیز وپلاندارشتن هەیە، لەلێکدانەوەی کەسایەتی ئەوان بەڕوونی دیارەو خستوومانەتەڕوو، هەروەها توانای لەتێکەڵاو کردنی ڕەنگ وبیر لەڕێگەی هونەری شێوەکارییەوەو جگە لەوەی لەسەرووی هەموویانەوە گوێگرێکی باش " تەفسیرکەر" بووە، لەو کاتە درکی بە گرنگی وتایبەتمەندی هونەری ڕەسەنی خۆماڵی کردووە، کەوا موزیکی هەر گەلێک بەشێکە لەداهێنانی بیری ئەو گەلەو لاوک وحەیرانیش کە دوو هونەری ڕەسەنی کوردن و تایبەتمەندی کۆمەڵی کوردی دەخەنەڕوو لەڕووی پێکهاتەو ڕۆڵ زمان و....هتد. کەواتە دڵدار کەسایەتیەکی خاکەڕا" متواضع" و تایبەت بووە، بەو واتایەی کەسە مەزن وبەخشندەکان (واڕاهاتوون بێ فیزترین کەسیش بن، خاکەڕایی باش تەنیا پشت بەو بیرکردنەوەیە دەبەستێ، کە لەسەر لاوازی سروشتمانەوە هەمانە. هەروەها لەبارەی ئەو هەڵانەوە، کە لەڕابردوودا کردوومانە یان دەتوانین ئەنجامی بدەین، کە کەمتر نییە لەو هەڵانەی دەشێ ئەوانی تر ئەنجامی بدەن. ئەمەشە وامان لێدەکات خۆمان بەگەورەتر بەسەر کەس نەزانین. ئێمە پێمانوایە ئەوانەی دیکەش و ئەوانەی وەکو ئێمە خاوەنی ئازادی هەڵبژاردنن، دەتوانن ئەو ئازادییە بەباشی بەکار بهێنن.)(ڕینێ دیکارت:٢٠١٠: ١٢٢).

## ڕاڤەی کەسایەتی لەدیدی دڵدارەوە.

دڵدار لەدرێژەی گێڕانەوەی ئەو ماوەیەی ژیانی، زۆربەووردی ولێهاتووانە تیشکی ڕامانەکانی لەکەسایەتی کۆمەڵەکەی داوەو شارەزایانە خاڵبەندی پیتەکانی کردووە، ئەمەش زۆر زوو لەوەسف

وتایبەتمەندی کەسایەتی هاوپۆل وهاوڕێیەکانی خستۆیەتیە ڕوو؛ لەوانە "بورهان محەمەد" جاهیدی هاوڕێی قۆناغی ناوەندی، جگەلەوەی هاوڕێ قوتابخانەی بووە؛ هاوڕێ چایخانەش بوون وگفتوگۆی ئەدەبی کۆیدەکردنەوە، بەڵام دڵدار هەر زوو هەست بەنیگەرانی وبێتاقەتی دەکات لەوەی جاهید کەهێندە زیرەک و وریا ولێهاتوو بووە لەبواری ئەدەبیاتدا، بەڵام خۆی خۆیی پشتگوێی خستووەو بەها وجوانی ئەدەبی خۆی لەدەستدەداوە لەبەر دنیا ویستی، بۆیە دەڵێت: ((زۆر جاران نەسحەتم ئەکرد...کە ئەدەب بەبێ سەقافەت چ قیمەتی نیە...زۆر ئوم وتارانەی من لا مەرغوب نەبوو بەڵکو ئەیوت حەیات فورسەتێکە زۆر بەقیمەتە بەخەفەت ومێشک مەشغوولکردن لەدەست خۆمانی بدەین جارێکتر ئەم حەیاتەمان بۆناگەڕێتەوە.))(ل٤٩)،واتە ئەوان بەدوو ڕەوتی جیا لەیەکتر بیریاندەکردەوەو لەژیانیان دەڕوانی بۆیە ئەم ڕوودەکاتە ئەو شتەی کەخۆی باوەڕی پی هەبووە ئەویش خوێندنەوە، هەروەکو هاوڕێیەکەی بۆی هاندەدا.

تایبەتمەندی دڵدار لەوەدایە کەوا لەتەمەنی حەڤدەساڵیەوە، توانایی شیکاریی هەبووە، کاتێک سەردانی گوندی" تیمار"ی کردووەو زۆر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ جوتیارەکان پەیداکردووەو پەیوەندییەکی دۆستانەی توندو تۆڵ لەنێوانیان هاتۆتەکایەوە، بەڵام سەبارەت بەکەسایەتی ئەوان دەڵێت: (( فەلاح ـ کرمانجەتی ـ وەکو منداڵێک وایە هەر کەسێکی کە بەڕوویزۆر پێ بکەنی و بیلاوێنیتەوە خۆی بەئاسودەیی ئەهاوێتە باوەش وبەسەهلی کلیلی دڵی خۆیت ئەداتێ.))(ل٥١-٥٢)، بەو واتایەی زۆر سادەو ساوێلکەن لەڕووی پێکهاتەی کەسایەتیانەوە، چونکە لەو سەردەمەدا هۆکاری پەیوەندیکرن هەتا لەشارەکانیش کەم ودواکەوتو بوو، چ جای گوندەکان لەبازنەیەکی داخراودا دەگوزەران، بۆیە دەکرێ بڵێین  دابڕابوون، ((چونکە نەخوێندەوارو هیچ نەزانن لەژیاندا هێشتا لەدەوری زراعیدا ئەژین وزۆر مەربووتی زەویو خرافات وزگی خۆیانن هیچ وەختێک ئەمەلی وەعی لێ ناکرێت.)) (ل٥٢). واتە لەنێوان بیرو بۆچوونی پروپوچ و سادەو ساوێلکە و ناجێگیر و تاڕادەی کۆیلەیەتی ژیان بەسەردەبەن، ، چونکە ئەوان  لەژێر ترس وزەبروزەنگ و هەڕەشەی ئاغاو دەرەبەگدا بوونەو ئەگەر ((هەر ڕێگەیەکی کەبۆ ئازادی ولەم کۆتە رزکاربوونت کەنیشاندا خێرا سەرت بۆ ئەلەقێنێ و بەقسەت ناکات.))(ل٥٢) واتە ترسنۆکن وهەست بەدڵەڕاوکێ دەکەن وناتوانن ڕووبەڕووی بەرانبەر ببنەوە، بەڵکو چاوەڕێی فریا ڕەسێکن یارمەتیان بدات" ئەمە وەک میراتی بۆ ماوەیی لەکەسایەتی دەستە جەمعی کوردی بوونی هەیە بەردەوام پشت بەیەکێک دەبەستێت و تەئیکد لەتوانای خۆی ناکات چونکە باوەڕی بەخۆی نییە" ، لەبەر ئەوەشە هەرکاتێک مرۆڤ درکی بەدڵەڕاوکی کرد نابێتە هۆکاری ئەوەی (پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا نەمێنێت، بەڵکو چالاکییەکانی ڕۆژانەی خۆی ئەنجامدەدات و بەئاگایشە لەنامەنتقیەتی هەڵسووکەوتەکانی، تاک لەوە حاڵەتانەدا هەوڵدەدات زۆرینەی کاتەکانی تەرخانبکات بۆ ئەوەی بەسەر ئەو ترسەی کەهەیەتی زاڵبێت، بەڵام بێسوودە.)(أ.د.صالح حسن:٢٠٠٥: ٣٢٨). بەردەوام دەبێت ودەڵێت: ((زۆر لەئاغا دەترسن زراویان لەمەلا چووە.))(ل٥٢)، بەو واتایەی لەنێوان دەسەڵاتی ئێرە" دنیایی" ودەسەڵاتی ئەوێ" ئەو دنیا"

دەکەونە نێوان دوو بەرداش، بۆیە ئاغاکان ومەلاکان لەکۆنەوە سوودیان لەیەکتری وەرگرتووەو بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵیان پاوانکردووەو خەڵکیان قۆرغکردووە لەو نێوەندەدا.

دڵدار کە لەگوندی تیمار دەبێت دەگێڕێتەوە کەوا لەگەڵ مەلا هەمزە ناوێک کەموختاری گوندەکەیە باس وخواسی گوندنیشنانیان کردووەو دەڵێ هەستم دەکرد هەر ئەو لەقسەکانم بگات، بەڵام ئەوەی سەرنجی دڵداری لەو کاتەوە ڕاکێشاوەو لێوردبۆتەوە، لەنێوان خۆیان یەکگرتوو نەبوونە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((مەلا هەمزە... ئەمەندە بێ باوەر بوو، کەپشتی بەبرای خۆی نەئەبەست وە بەسێبەری خۆی بروا نەئەکرد کەسێبەرە، ئەم بێ باوەڕیە خاسیەتێکە کە لەناو میللەتی جاهیلدا گەورەترین میکرۆبە لەلەشدا، لەخوێنی ئەم لەشەدا ئەژی.))(ل٥٢)، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە تاکانە بەردەوام لەپەروەردەیەکی خانەوادەیی و ژینگەیەکی ناجێگیر دەژین، بۆیە ئەو جۆرە ( دەوروبەرەی تیایدا دەژین دەستور ویاسای مەنتیقی و پلانی دارێژراو وجێگیری نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەوروبەرێکە کە پاشماوەی مێژوویێکی لێواولێو لەگرژی وململانێی و دیاردەی دژ بەیەکە، بۆ نموونە هێندێ یاسای پەروەردەیی هەیە کە بۆماوەیی مێژووەو وێنای مێژوویەکی درێژی ململانێ دەکات وهەروەها گوزارشت لەکۆمەڵێ بۆچوون دەکات کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگری کردووە لەپاڵ ئەو زیادکردن وهاتنە سەرە نوێیانەی دەخرێتە سەری وتاوەکو ئێستاش بواری ڕۆشنبیریش نەیتوانیوە هەڵی بمژێت.)(د.محمد عمادالدین:١٩٥٩: ١٥١). کەواتە گوزەران کردن لەگۆمەڵگای هاوچەشن بەرنامەیەکی زانستی و تۆکمەی دارێژراوی دەوێت بۆ ئەوەی بەپێ پلانێکی کاتی کاری لێوە بکرێت.

دڵدار لەشیکردنەوەی کەسایەتی گوندنشین بەردەوام دەبێت، کەدەڵێت: ((بەچاوی مەسلەحەی عامە سەیری هیچ شتێک ناکەن، بێجگە لەتەهدید نەبێ لەهیچیتر ناترسێن بەڵکو تەهدیدی بێ تەنفیذ لەنەزەر دەشتەکیدا چەشنە درۆیەک وخۆهەڵکێشانێکە کە پیاوی زوو پێ سووک دەبێ و زوو لەپێش چاو ئەکەوێت.))(ل٥٢-٥٣). بەو واتایەی بژاردەیان نییەو شوێن کەوتەن وخاوەن کەسایەتی وبڕیاری خۆیانی نین. دەکرێ بڵێین خاوەن کەسایەتیەکی ماسوشین لەئاستی دەستە جەمعیدا، ئاغاش بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێت دەبێت هەڕەشەکاربێت، کەدەڵێت: ((ئاغا...بۆ ئەوەی نفوزی لەناو دەشتەکیدا بەقووەت بێ ئەبێ هەردەم لێدەر بێ پیاو خراپ بێ بەکوشتن ماڵسووتاندن، مەڕومالات لێ دزین، هەتک پێکردن، لێت بترسن.))(ل٥٣)، کەواتە دەسەڵاتدار ئەو سیفەتەی لەبەر پاراستن وبەرژەوەندی خۆی وموڵک ومیراتی بەکاردەهێنێت و لەپاڵ ئەوەشدا بۆتە میراتێک، چونکە سوودی لێوەگرتووە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی و لەهەمان کاتیشدا زاڵ بێت بەسەر ئەوانی ترو بیان چەوسێنێتەوە. کەدەڵێت: ((هەر فەردێکی لەکورد بیگری زۆر حەز لە "تەسەلوت"و لێ ترسان دەکات. ئەمەش ئاشکرایە کەهەر کامێکیان دەستی بوو لەم ناحیەوە درێغی ناکات ئەم خود پەسندیەی کەباسم کرد. ئەم ڕەوشتەی کە لەدەشتەکی هێناوەتە وجوود لەدەسەڵاتدارەکان بەغرور وغەدر بەدیار ئەکەوێ، لەبێ دەسەڵاتەکانیش حەسادەتی پێ بەخشیون...بەرامبەر بەپیاوێک کەلێی بترسن وەیا ئەمەلی شتێکی لێ بکەن پیاوی زۆر سەخی وچاوتێرن،بۆ باقیتر قابیلی چرووک ودەست

قووچاون.))(ل٥٣). لێرەدا دڵدار شیكاری پێكهاتەی كەسایەتی كورد دەكات،لەڕێی گوندنشینەوە. كەوا لەئاستی تاكدا سادییە ئارەزووی ئازاردانی بەرانبەر دەكات لەدەستەجەمعیدا ئاماژەمان پێكردوە ماسوشیەو چێژ لەچەوساندنەوە وەردەگرێت وبەردەوام حەزدەكات بەچاوی زەلیلیەوە لێ بڕوانرێت، جگە لەوەی بەرژەوەندی تایبەت لەسەرووی هەموو شتێكەوەیە بۆ ئەوان، چونكە ئەگەر یەكێك دەسەڵاتدار بێت ئەوا مەیلی هاوەڵایەتی دەكەن، ئەگینا بەپێچەوانەوە. هەر ئەمەشە وایكردووە كەوا نەتوانن پێشبكەون و بگەنە ئەو ئامانج وئەنجامەی مەبەستیانە، لەم بارەیەوە توفیق حەكیم دەڵێت: (تەنیا وشە ڕاست وبیرە مەزن وبنەما بەناوبانگەكان پێشڕەوایەتی مرۆڤ لەهەموو سەردەمەكاندا دەكەن و بنیاتی نەتەوەو گەلەكان بەدرێژایی قۆناغەكانی مێژوو ناوە… هیچ بزوتنەكەیەكی نیشتمانی ونەتەوەیی ومرۆڤایەتی بەبێ بوونی ئەم بنەمایانە نەهاتۆتەكایەوە، بەڵام كەزێر بەبریقانەوەو لەرینەوەوە دەردەكەوێت، دارمان دێتەكایەوەو ئەم بریقانەوە تیرۆژە سیحراویەكەی بنەماكان دەتوێنێتەوەو لەرینەوەكانیش گوێیەكان كەڕدەكات.)(توفیق الحكیم:٢٠٠٥: ٥٤-٥٥).

ئەمەو دڵدار زۆر هەست بەبێزاری ونیگەرانی دەكات لەئاست كۆمەڵی كوردی كەوا بۆچی لەنێو ئەو دووبەرەكی وناكۆكیە دەژین وناتوانن ئەم قۆناغە بپەڕین وبەرەو یەكگرتوویی وپێشكەوتن هەنگاو بنێن، كەدەڵێت: ((لەو وەختە وەرگیراوە كەدراوسێیەكانی كورد تەخت وتاجی كەیانییان لەناوبردوە بەتەحریزو هاندانی روئەسای عەشایر لەزد یەک جامی ئیتیحادی لێ شكاندوون، تەبیعی سیاسەتی" فرق تسد" لەزەمانێكی زۆر دوورەوە لەكوردستان تەتبیق كراوە، كەتەفرەقەو خودپەسندی بەدەرەجەیەک" تركزی" كردووە، كەئەتوانم بڵێم هەلكێشانی مومكین نیە.))(ل٥٣). كەواتە ئەوەی جێگەی نیگەرانیە لەگەڵ ئەوەی كۆمەڵی كوردی بەچەندین ڕاپەڕین وشۆڕش تێپەڕی، بەڵام نەیتوانی لەم جوغز وبیرە داخراوەدا دەربچێت، هۆكارەكەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەنەیتوانیوە لەبواری كۆمەڵایەتی بەرەو پێش بچێت وگۆڕانكاری تیادا بكات، كەئەمەش هۆكاری زۆرە لەوانە" سیاسی، ئابوری، كلتوری"، كەلەئێستایی كۆمەڵی كوردی لەبەژەوەندی دایە لەم جوغزە داخراوە خۆی بهێڵێتەوە.

بنیاتی كەسایەتی و گرنگی بوونی ئەم كەسایەتیە لای دڵدار پەیوەست نییە بەكۆمەڵ وگەل ودەوڵەت، بەڵكو پەیوەستە بەهەست وعەقڵ و وشیارییەوە، چونكە تاک هەر تاكێک بێت و لەهەر كۆمەڵگایەكدا بێت خاوەنی بوونی خۆیەتی و لەنێوان بوونەكانیشدا هیچ جیاوازییەک نییە، تەنیا لەو چەمكە ئاماژە بۆ كراوانە نەبێت. "بیرۆكەی دڵدار لەچۆنیەتی كەسایەتی جیهانبینیە"، كە لەسەرتاەی وتاری زوبانی كوردی و ئەدەبیات ئاماژەی پێكردووە لەو لایەنەوە. ئەو دەورەبەرەی مرۆڤ تیایدا دەژیت كاریگەری دەروونی لەسەر جێدەهێڵێت ودەیخاتە ئەو بازنەی ئایا؟ دەتوانێت بەسەریدا زاڵبێت. هەروەها باس لە بەهاو چێژدەكات لەڕووی یەكانگیرییەوە لەگەڵ یەكێک لەهەستەكان یان زیاتر لەهەستێک و چ جۆرە ئاسودەیی وخۆشی ولەزەتێک بەتاک دەبەخشێت.

هاوتەریبی ئەمانەش کۆمەڵە شتێکی تر کە((موجتەمەعت هیناویەتەدی یاری بەدل وعاتیفەت دەکەن بناغەی باوەڕێک وهەستی بەپیرۆزێیکی بەرزت لەمێشکدا دائەمەزرێنن کە ئویش وەکو" دین" عەنعەناتی قەومی وعاداتە ئەمانەو گەلێکی تریش کە ناتوانم بیانژمێرم وەکوپەروەردەی ماڵەوەت وچۆنی ژیانت و ڕێوجێت لەپایەدا.))(ل١٠١)، بەو واتایەی تا چەند ژینگەی دەوروبەر "خانەوادە ـ کۆمەڵ ـ" و هەروەها خودی تاک خۆی لەبارە بۆ بنیاتی ئەم پرۆسەی کەسایەتیە، چونکە ئەم جۆرە پەروەردە بنیاتنانە لەڕووی پێگەیاندن وڕاهێنان و (شارەزایی وکارامەییەوە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو ڕاهێنانی ئەم خانەو ئەندامانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەم یاری و ڕاهێنان و ماوەو مەوداو یاسای ڕاهێنان وماوەی حەسانەوەو جۆری خواردن، کە بەگوێرەی بەرنامەیەکی کاتی وتەمەنێکی دیاریکراو دێتەکایەوە، تاوەکو تاک بگاتە ئاستی پوختی و وردبینی. وە کۆی ئەم شارەزایی و چالاکیانەیەش عەقڵ پێهەڵدەستێت.) (د.عزیز حنا:١٩٩٠: ٢٥٨).

دڵدار ئەم جۆرە ڕاهێنان وگەیشتن بەئاستی تێگەیشتن وچەمکی یەکبوون وئاشتەوایی لەکەسێکی جیهانبین و خاکەڕا، لەیادی نەورۆزدا[*] باسی لێوەکردووە، کەوا جەژنی نەورۆز جەژنێکی هاوبەشەو لای هەر میللەتێک هێماو ئیماژی دیاردەو یادێکە. بەڵام ئەو ئەم یادەی قۆزیوەتەوە بۆ یەکسختنەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کەجیهان لەنائارامییەکی بەسام وترس ونائومێدی دەگوزرا. ئەو نەورۆز دەکاتە هێمای یەکبوونەوەی مرۆڤایەتی، کەدەڵێت: ((ئەم چەژنە هەر سەر بەکورد نیە بەلکو جەژنی هەموو گیاندارێکە بریا لەنێو ئەم گیاندارانەدا ئادەمیزاد بەرامبەر بەمەرحەمەتی تەبیعەت هەستیان بە بەهەشتی ژیانیان دەکرد کە ئەم زەمینەو ئەم ژیانە خودا بۆ بەختیاری داناوەو بەهرەی ئادەمیزادی بۆچاکە پێ بەخشیوە...نەک هەر ژیان بەویتر تاڵ بکات.))(ل١١٩). چونکە لەکاتی جەنگ وشەڕەکاندا هیچ دەستور ویاسایەک بەهای نامێنێت، بەڵکو دەفەوتێت، بۆیە ئەگەر (مرۆڤ هەست بەلاوازی و بێ وەریی بکات. هەروەها سوودی ئازادی هەڵبژاردن نازانێت، ناتوانێت ڕێگە لەخۆی بگرێت تاکارێک نەکات کەدەزانێت دواتر لێ پەشیمان دەبێتەوە. هەروەک ئەو کەسانەی نامەردن یان بێ فیزێکی بێبایەخن و ناتوانن لەبوونی خودی خۆیان بەردەوام بن وناشتوانن دەستبەرداری ئەو کۆمەڵە شتەبن، کە بەدەستهێنانیان پشت بەکەسانی تر دەبەستێت. بەو شێوەیە نامەردی ڕێک پێچەوانەی جوامێرییە.) (ڕێنێ دیکارت:٢٠١٠: ١٢٥). کەواتە زۆر گرنگە تاک خاوەنی پێگەی کەسایەتی وئازادی وبڕیاری خۆی بێت وبزانێت چۆن لەو کاتانەدا پارێزگاری لەهەبوونی خۆی دەکات.

سەبارەت بەلایەنی کۆمەڵایەتی. دڵدار لەم بوارێشدا زۆر بەنەرمی ووشیارانەوە ڕامان وبۆچوونەکانی خستۆتەڕوو، لەڕێی ئەو نامەی کەبۆ نەسرینی برازای ناردووە، کۆمەڵی تێبینی کۆمەڵایەتی ودەروونی بۆ هەرزەکاران نووسیوە، چونکە لەکۆمەڵە دواکەوتووەکان هەر کەتاک

---

[*] - ئەم وتارە ساڵی نووسینەکەی دیار نییە، چونکە بەشێک لەوتارەکە فەوتاوە، بەڵام لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی نووسراوە.

گەیشتە قۆناغی هەرزەکاری هاوشێوەی پێگەیشتوویک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و زۆر ئاساییە پرۆسەی هاوژینیش پێک بهێنێت، بەپێچەوانەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان خانەوادە هاوشان ویارمەتیدەری دەبێت، تاوەک ڕابهێنرێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەو هەڵسوکەوتکردندا، چونکە قۆناغی هەزرەکاری قۆناغی پێگەیاندنی کەسایەتی هەرزەکارە، کە دەڵێت: ((جاران پارێزگاریت شتێک بوو کەتوانای هەموو دایک وباوکێکدا هەبوو، چونکە منداڵیکی بچوک بوویت بەڵام ئێستا پارێزگاریت شتێکی ترە، بێجگە لەخۆت لەتوانای کەسدا نییە. مرازم...پارێستنی رووحیتە مێشک خاوێن کردنەوە - خوورەوشت بالاکردن خۆت لەنەخۆشی گەلایەتی پاراستنە...لەکتێبدا نووسراوە لەبابەت خۆشەویستی وحەز لێکردە پێی باوەڕ نەکەی وا من ئەمەی کە خوشەویستیت بۆ بەیان بکەم پەلاماری چەند باسێک دەدەم کە لەباسی ئێمە بەدوورەو پێویستیشە...خۆشەویستی مەلەکەیێکی چاکەیە کە لەمنداڵییەوە لەو شەخسەدا مەوجودە...خاوەنەکەی ئەباتە جێ بلندی کەماڵەوە شورەت وشانێکی زۆر گەورەی بۆپێکەوە ئەنێ.))(ل١٣٨)، زۆر لێهاتوو،و سەرکەوتووانە ئامۆژگاری دەکات کەوا ژیان بریتییە لەکۆمەڵێ بوار ولایەن وبژاردەو ...هتد کە دەکرێت تاک تەنیا خۆی پەیوەست نەکات بەئامانجێک یاهەستێک کە لەچوارچێوەی کتێبدا دەیخوێنێتەوە، چونکە ئەوەی دەیخوێنێتەوە بەشێکی زۆر کەم وبچووکەبە بەراورد لەوەی کەلەمێژووی شارستانی مرۆڤایەتیدا تۆمارکراوە، یان لەوەی کەلەژیانی واقیعدا هەیە بەڵکو تەنیا مشتێکە لەخەروارێک، بۆیە پێ دەڵێت: ((ئەم نامە بگرە دەستت، بچۆرە بەر ئاوێنە گەورەکەی ماڵەوە سەیری خۆت بکە. خۆت ئەبینی؟))(ل١٣٨). بوونی مرۆڤ لەلای دڵدار هەبوویەکی مەزنەو شکاندنی ئەو مەزنی وشکۆ وبەهایە بەبەهای کەسایەتی کەسەکان لای ئەو باجەکەی قورسە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم بۆچوونەی دڵدار یەکانگیرە لەگەڵ بۆچوونی سینیکا، کەدەڵێت: (لەژێر دەسەڵاتی مەلیک نین، دەبێت بەرپرس بین لەخودی خۆمان وسوود لەشێوازی بیرکردنەوەی یەکێک وەربگرین...بەڵام نابێت وەسیەتەکانیشەفێربین، بەڵام پێویستە بتوانی بەکاری بهێنیت بەشێوازی خۆت...ئەوەی گوتراوە موڵکی ئەو کەسە نییە کە بۆ یەکەم جار وتوویەتی، زیاتر لەوەی دەیڵێتەوە.)(د.محمد ناصر:١٩٧٣: ٤٥٧). دڵدار سەر پشکی دەکات لەوەی هەیەو بەڵام دەبێت ئاگایی لەخۆی بێت، چونکە لەئێستا بەدواوە ئەمانەتێکە لەدەستی خۆی، بەڵام سوود لەچی وەردەگرێت ئەوە کەسەکە خۆی بڕیاری لەسەر دەدات.

سەبارەت بەبواری فیکرو زەینی کۆمەڵ لەڕووی ڕامانیان لەژیان و کۆمەڵدا، لەوتاری" ناگزوری گەلایەتیمان-١٩٤٣". تیرۆژی خستوتە دیاردەو چەمکێکی هەستیاری کۆمەڵی کوردی، کەچۆن وتارە کۆمەڵایەتیەکان لەو کاتەدا لەلایەن چینی ڕۆشنبیرانیشەوە هیچ گرنگی ودەنگدانەوەی لێ نەکەوتۆتەوە، کەدەڵێت: ((ئەو بۆمبایەی کەهەردووکمان چاوەڕێی تەقینمان دەکرد بەچرووک دەرچوو.))(ل١٤٩) دڵدار لەو کاتەدا لەگەڵ هاوبیرێکی بەناوی هوشیار کە وتارێکی کۆمەڵایەتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەو کاردانەوەی ئەوان چاوەڕێیان دەکرد نەییووە. ئەم دیاردەییە لەکۆمەڵی دواکەوتوو دیاردەییەکی ئاساییە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە: پشتگوێی خستنی بیری ڕەخنەگرانەو

چارەسەرکردن، نەبوونی وشیاری لەئاست ئەو بابەتەی دەخریتەڕوو، خۆهەڵواسین بەبابەتی باوی ڕۆژ، ئیرەیی. جگەلەوەی ئەو ڕاستیەشمان بۆدەردەخات کەوا بوارە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن نووسەرو ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەم هێندەی سیاسەت باویان نەبووە. قۆناغی ئەو کات هەر بەمەسەلەی باوی سەردەم، مەسەلەی ڕۆژ ژیاون، کەئەویش جەنگ وسەرەتاکانی دروستبوونی حیزبەکانە لەکوردستاندا. سەرسامی دڵدار لەوەوە دێت، کە لەگەڵ کۆمەڵە هاوبیرێکی گفتوگۆی هەڵگیرسانی جەنگ وهۆکارەکانی دەکەن، کەدەڵێت: (( زۆرم سەرم سورما کە ئەم لاوانە وەکو سیاسێکی ئینگلیز وەیا گەل پەرستێکی ئەلمان وەیا جانفیدائێکی رووسیا لەناگزورری سیاسی وئیقتیسادی تەوازونی دەولی شارەزابوون... وەکو پیغمبەرێک پاشەرۆژی ئەم جەنگەو نەتائیجی سیایی وئیقتیسادی بۆ ئاشکرا دەکردین.بەڵام داخم ناچی لەمودەی چوار سەعاتدا...ساتێک خۆمان نەکەوتە یادو ئەمەمان نەهاتەوە بیر کەئێمە کوردین وپێویستە کە لەپێش ئەوەی لە لاییدە ورد دەبینەوە لەخۆمان ورد بینەوە...پێویستە ئینسان ئاگایی لەدەوران دەوری خۆی بێت.))(ل١٤٩-١٥٠). ئەم حاڵەتە ترسناکە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەرۆک ویەخەی تاکی کوردی بەرنەداوەو، بەڵکو شانازیشی پێوەدەکەن کەوا شیکەرەوەی لێهاتوون وئاگایان لەڕووداوی جیهان هەیە.کەچی بێ خەبەرن لەوەی  باس نەکردن ولەبیرچوونەوەی خۆیان لە بێ متمانەیی ونەبوونی وشیاری و ڕووبەڕووبوونەوەو ترسنۆکی لەبڕیاردان و بەڕێوەبردنەوە دێت، لەوەی ناتوانن دان بەکەموکورییەکانی خۆیاندا بنێن، چونکە (ئەوانەی ناتوانن دان بەتورەییان دابنێن، یاخود دەترسن کاتێ شتێکیان پێدەسپێردرێت یان بکەوێتە ئەستۆ، بابەتەکە بەگاڵتەجاری وەردەگرن و ئەگەر ئەم جۆرە کارانە بەشێوەیەکی درێژخایەنیش ئەنجامبدەن، ڕێگە دەدەن ئەم جۆرە هەڵوێستانە دووبارەببێتەوە، لەکاتێکدا دەتوانن کەوا بژاردەی باش بخەنەڕوو، ئەگەر گاڵتەجارییەکە بەلاوە بنێن، مەبەستیشیان لەپەنابردن بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستانە بەرگریکردنە لەخودی خۆیان.)(سدنی م.جورارد:١٩٨٨: ١٦٠).

دڵدار لەدرێژەی وتارەکەی ئیماژی بۆ خاکڕایی" انتماء" کردووەو بەبۆچوونی ئەو دەبوو لەو قۆناغەدا هەستی خاکەڕاییان هەبێت وبزانن لە چ بارودۆخێکدان وپێداویستیەکانیان چین، کەدەڵێت: ((ئادەمیزاد بە ووتاری عاتیفی زیاتر لە ووتاری ئەندێشە ئامێز دێتە بەرهەم ولێ خورین.))(ل١٥٠)، واتە کارو کردەوەو کاردانەوەیان چۆن بێت لەئاست ئەو ناوەندی تیایدان لەوەی ((میللەتی کورد خاک و زوبانی هەیە بەلام لەگەڵ ئەمەش بەنەبوو دانراوە.میللەتی کورد مەوجودە بەلام نەخۆشە.))(ل١٥٠). یەکەم دەوڵەتی نییە بۆیە دان بەزمانیشی دانانرێت بەشێوەی فەرمی، چونکە تاوەکو ئێستاش نەتوانراوە بەها وسەروەری زمان یەکلابکرێتەوە لەنێو کۆمەڵەکەیان لەبەر هۆکاری دووەم کە ململانێ ناوەخۆیە لەسەر دەسەلاتداری. ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ دوژمنانی خاڵی لاوازی لەدووخاڵی جەوهەری پێشکەش بکات، تاوەکو کار بۆ لەناوبردنی ناسنامەی بکەن ، چونکە دەبێ ئەو ڕاستیە بزانرێت کەوا گەلی کورد گەلێکی زمانییە ولەئێستادا ناسنامەی زمانیشی بەرەو هەڵتەکان

چووەو سنوری جوگرافیاشی دیارنییەو بەش بەشکراوە. بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((بۆیە هەرکەسێک لەم حالەی کە ئەم نەخۆش تێدایەتی داوای ئیش وکار و راپەرین وجولانەوەی لێ بکات بێشک مرازی لەکوشتن زیاتر چیترنیە.))(ل١٥١).

بەردەوامیەتی پێدەدات لەوەسفی کێشەکان ودەڵێت هەر کاتێک سەرە داوی کێشەکان دۆزرایەوە، ڕێگەچارەش ئاسان دەبێت و نەخۆشەکەش لەقۆناغی" نەقاهەدا" دەبێت، بۆیە لەوکاتەدا متمانەو وریایی وبەئاگایی گرنگە هەبێت بۆ لە نەلەباربردنی بارودۆخەکە لە چ کات وساتێکدا بڕیاردەدەن وچیدەکەن، چونکە بچوکترین دەستکەوتەکان دەدۆڕێنرێت، کەدەلێت: ((هەر ئەوە بۆ چاک کردنەوەی نەخۆش بەس نیە بەلکو پیویستە کە ءەم کەسانەی خواردن ئەدەنە نەخۆش بزانن کە چ دەکەن وزۆر بەدیقەت میقداری خواردن ودەم وجەمی بۆ رەچاوبکەن.هەر کامێکیان لەکاری خۆیاندا درێغیان کردوبایە بەهەلە چوونی بێشک ئەم نەخۆشە لەپاش چاک بوونەوە ئەکوژن وەیا دووبارەکی تووشی نەخۆشییەکەی جارانی وەیا نەخۆشیکی لەهین جارانی گرانتر دەکەنەوە.))(ل١٥١)، بەو واتایەی پاراستنی دەستکەوتەکان شەونخونی وکاری پلاندارێژراوی دەوێت و دەبێت تاکەکان توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان هەبێت وسڵ لەبەرانبەر نەکەنەوە لەکاتی هەلۆیست وەرگرتندا، ئەگینا لەچاو تروکانێکدا دەستکەوتەکانیان بەبادا دەچێت، یان لەناودەچن ودەفەوتێن. بۆیە تەئکید لەسەر چارەسەر دەکاتەوەو دەڵێت: ((ژیانی میللەتێک وەکو ژیانی فەرد وایە هیچ فەرقی نیە. هەر چونیکی ئەو بەنەخۆش دەکەوێ ئەویش بەنەخۆش دەکەوێ. وە بۆچاک کردنەوەی دکتۆری دەوێ. دەرمانی گەرەکە.))(ل١٥١). بەو واتایەی بوونی سەرکردەو دەستور ویاسا پێویستەو دەبێت هەبێت، بۆ ئەوەی لەقۆناغی بێ دەوڵەتیەوە کەسێک هەبێت و بیگوێزێتەوە بۆ قۆناغی دەوڵەتداری، کە ئەوە خەونی دلدار بوو.

**ئەنجام**

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١- کەسایەتی پێکهاتەیکی ئاڵۆزو شاراوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەپێشکەوتن وگەشە وگۆڕاندایە جا بەهەر ئاراستەو بوارێکدا بێت (ئەرێنی ـ نەرێنی، بەهێز ـ لاواز... هید).

٢- دلدار خاوەن کەسایەتیەکی شیکەرەوەو ڕەخنەگر و پلان داڕێژەر بووە.

٣- بەپێ خالبەندی نووسەر کەسێکی هەناسە درێژ لەدەربڕین، وێنەی مێرووله وورد لەلێکدانەوەو شەیدای بیرکردنەوە بووە.

٤- کەسایەتیەکی بەخشندەیە و خۆڕاگر و خاکەڕابووە.

٥- دیاردە دەروونییە نەرێنیەکان کاردانەوەی ئەرێنی لای ئەو خوڵقاندوە.

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردییەکان:

١- رێنێ دیکارت. (٢٠١٠)، هەڵچوونەکانی دەروون، و: ئارام ئەمین شوانی، هەولێر: چاپخانەی دهۆک.

٢- فوئاد سدیق. (٢٠١٥)، دەروونزانی کۆمەڵایەتی، هەولێر.

٣- مەحمود موحەمەد ئەلزەینی. (٢٠١٢)، سایکۆلۆژیای کەسێتی لەنێوان بیردۆزو پیادەکردندا، و:سەلاح سەعدی، نارین: چاپی یەکەم.

٤- وریا ئەحمەد. (٢٠٠٧)، مێژووی گۆرانی وموزیکی ناوچەی کۆیە، گۆڤاری ڕامان: ژ.١١٨.

٥- هێرۆ عبداللطیف یونس مەحمود. (٢٠٠٨)، دڵدار ونوێبوونەوەی شیعری کوردی، کولیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، نامەی ماستەر.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- بدر محمد الانصاری. (١٩٩٩)، مقدمة لدراسة الشخصية، الكويت: منشورات السلاسل، الطبعة الاولى.

٢- د.سيد محمد غنيم. (١٩٧٥)، سيكولوجية الشخصية-محدداتها-قياسها-نظرياتها، القاهره: دار الغريب للطباعة.

٣- سدنی م.جورارد و تيد لندزمن. (١٩٨٨)، الشخصية السليمة، ت: د.حمد دلی الكربولی ود.موفق الحمدانی، بغداد: مطبعه التعليم العالی.

٤- سيغموند فرويد. (١٩٧٩)، التحليل النفسی للفن" دافنشی-دوستويفسيكی"، ت:سمير كرم، بيروت: دار الطليعة للطباعة والنشر.

٥- أ.د.صالح حسن الداهری. (٢٠٠٥)، مبادئ الصحة النفسية، عمان-اردن: دار وائل للنسر.

٦- د.عزيز حنا داود و د.ناظم هاشم العبيدی. (١٩٩٠)، علم النفس الشخصية، جامعة بغداد.

٧- د.علی الامير. (٢٠٠٢)، فساجة النفس، بغداد: دار الشؤن الثقافية العامة.

٨- د.محمد عمادالدين اسماعيل. (١٩٥٩)، السخصية والعلاج النفسی، القاهرة: مكتبه النهضة، الطبعة الاولی.

٩- د.محمد ناصر. (١٩٧٣)، قراءات فی الفكر التربوی، الكويت، وكالة المطبوعات، الطبعة الاولی.

١٠- محمد حسن ظاظا. (بدون سنة الطبع)، علم النفس العام، بدون مكان الطبع.

١١- د.محمد بنی يونس. (٢٠٠٤)، مبادئ علم النفس، دار الشروق للنشر والطبع، الطبعه الاولی.

### چاوپێکەوتن:

- حکمت حمید. (٢٠١٧/١٢/١)، هەولێر.

## ملخص البحث

هذا البحث, بحث نقدي نفسي تطبيقي (حول الشخصية وانواعها من وجهة نظر الكاتب دلدار). نحاول من خلالها نسلط الضوء على التحليل النفسي لشخصية دلدار من خلال سيرته الذاتية وتفسيره من وجهة نظر مسعود محمد والمصادر الميدانية, ومن جانب اخر تعتبر بحث محاولة لتحليل الشخصية الكردية من منظور الكاتب دلدار.

يتكون البحث من محورين وعدة فروع. حيث تناولنا فى المحور الاول مفهوم الشخصية من جانب النظري من حيث كيفية بنائها وانواعها ومحدداتها. فيما يخص المحور الثاني, خصصناها لتطبيق من حيث تحليلنا لشخصية دلدار وكذلك تحليل لشخصية الكردية من قبل دلدار, معتمدين على نصوص من السيرة الذاتية لدلدار وكذلك مقالات سيد دلدار.



## Abstract

This research, applied monetary research about (Personal personal types of seeing the hair Dildar). We attempt to shed light on tge psychological analysis of Deldares personality through his autobiography and his interpretation through the view of Massoud Mohammed, on the other hand, research is an attempt to analyze the Kurdish personality from the perspective of Deldar.

The research consists of two axes and several branches. Where we discussed in the first axis the concept of personality by theoretical of the constrcuction, types and determinants.

With regard to the second axis we have devoted the application of our analysis of the personality of Deldar as well as analisis of the Kurdish character by Deldar, based on the texts of the biography of the author of Delder.